گـۆڤـاری زانـکـۆی ڕاپـەڕیـن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI: https://doi.org/10.26750/art039.a1904

ڕێـکـەوتـی وەرگـرتـن: 12/02/2025
ڕێکەوتی پەسەندکردن:16/06/2025
ڕێـکـەوتی بڵاوکردنەوە: 29/06/2025

# ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئیوفیمیزم و بەکارهێنانەکانی لە زمانی کوردیدا

**ژاوەڕۆ عباس عمر**
zhawaro.omar@univsul.edu.iq

بەشی ماتماتیک، کۆلێژی زانست، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**
مرۆڤ بە درێژایی مێژو بە بەکارهێنانی جۆرەها چەک هەوڵی داوە ئامانجەکانی خۆی بپێکێت، لەم نێوەندەشدا ناکرێت تواناکانی زمان بەکەم سەیر بکرێت، چونکە چەندین وشە و دەستەواژە و دەربڕین لە زماندا هەن و ئاخێوەران بەبەردەوامی بەکاریاندەهێنن، یەکێک لەوانەش دەربڕاوە ئیوفیمیزمەکانە، کە بەردەوام بەردەستن، بەشێوەیەک ڕەنگە قسەکەر ئاگاداری ئەوە نەبێت هەرکاتێک پەیوەندیدەکات سودیان لێوەردەگرێت. ئیوفیمیزم یاخود (جوانیێژی-جواندەربڕین) دیاردەیەکی زمانەوانییە و لە هەموکۆمەڵگایەکدا بە درێژایی مێژو بونی هەبوە. ئەم دیاردەیە ڕەنگدانەوەی ئاڵۆزییەکانی پەیوەندیی نێوان زمان، کۆمەڵگا، کلتور، ئاین، ئەخلاق و دابونەریتەکانە. بەشێوەیەکی سادە ئیوفیمیزم بریتییە لە بەکارهێنانی وشە یان دەستەواژەیەکی نەرمتر، ناڕاستەوخۆتر وکەمتر هەستیار لەجیاتی ئەو وشە و دەستەواژانەی کە ڕاستەوخۆن و دەکرێت ببنە هۆی ناڕەحەتی، هەستیاری یان شەرمەزاری. زمانی کوردی وەک هەر زمانێکی زیندوی دیکە، دەوڵەمەندە بە دیاردەی ئیوفیمیزم وکۆمەڵێک بوار کاریگەری لەسەر دروستبون و بەکارهێنانی هەیە لەوانە(کلتور، تابو، ئاین، سیاسەت، بازرگانی)، کە ڕەنگدانەوەی ڕەهەندە کۆمەڵایەتی، کلتوری و ئاینی و سیاسی و بازرگانییەکانی کۆمەڵگای کوردییە. زمانێک دیاردەی ئیوفیمیزمی تێدا نەبێت، ئامرازێکی کەموکوڕی بۆ پەیوەندیکردن دەبێت، هەر بۆیە مرۆڤ بۆ ئەوەی بتوانێت بژی پێویستە بە شێوازی جیاواز هاوکاری لەگەڵ یەکتردا بکات. زمان ئامرازێکی جەوهەریی پەیوەندییە و بەشێکی دانەبڕاوە لە کارلێکی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، کە لە ڕێگەیەوە دەتوانرێت بۆچون و هەست و هەڵوێستەکان دەربڕێت، لەم نێوەندەشدا هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی گرنگ لە ئاڕاستەکردنی بەکارهێنانی زمان لە نێوان قسەکەراندا دەگێڕن. ئەمەش بەو مانایەیە کە بەکارهێنانی زمان تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بەو زەمینە کۆمەڵایەتییەی کە کارلێککردن تێیدا ڕودەدات.

**کلیلە وشەکان:** ئیوفیمیزم، زمان، کلتور، تابو، ئاین، سیاسەت، بازرگانی

# A social Perspective On Euphemisms and Their Uses in Kurdish

**Zhawaro Abbas Omar**

Mathematic Department, University of Sulaimani, College of Science, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract

This research investigates (A Social Perspective on Euphemism their Uses in Kurdish). The main objective of this research is to explore the factors affecting the use of euphemism in Kurdish language and understand the phenomenon of euphemism in language. In today's world, talking about sensitive topics has increased, so speakers are looking for a lighter alternative to express their opinions, so they resort to euphemisms. The research approach is praise-analytical, and we have taken the research materials from the everyday language of the people. The results of the study show that euphemisms in Kurdish play an important role in several areas, such as preserving the social structure and values of society. As for taboos, sexual expressions are at the top of taboo expressions in Kurdish, so speakers use euphemisms as a substitute to avoid social complaints. In the field of political discourse, the study showed that euphemisms play a major role in shaping messages and influencing the masses. In addition, Kurdish media (television, radio, newspapers, social networks) have played a major role in the use of euphemisms. The study also showed a strong relationship between the use of euphemisms and religious beliefs in Kurdish society as the majority of speakers follow the holy religion of Islam. This research is divided into two parts, the first part is devoted to (a brief about euphemism (aesthetics)), which includes the following topics (concept and definition of euphemism, types of euphemism, hidden euphemism, explicit euphemism, functions of euphemism, euphemism structure, The second part is entitled (A Social Perspective on Euphemism and its Uses in Kurdish Language) which includes the following topics (Euphemism and Language, Euphemism and Culture, Euphemism and Literature, Effective Reasons for Using Euphemism in Kurdish Language, Reasons for Avoiding Taboos, Reasons). religious, political reasons, commercial reasons).

Keywords: Euphemism, Language and Culture, Taboo, Religion, Politics, Business

## پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئیوفیمیزم و بەکارهێنانەکانی لە زمانی کوردیدا)، ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە گەڕانە بە دوای هۆکارە کاریگەرەکانی بەکارهێنانی ئیوفیمیزم لە زمانی کوردیدا و تێگەیشتن لە دیاردەی ئیوفیمیزم لە زماندا، هەروەها پەیوەندیی نێوان بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی ئیوفیمیزم و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکانی کۆمەڵگای کوردی. لە دنیای ئەمڕۆدا قسەکردن لەسەر بابەتگەلی هەستیار زیادیکردوە، هەربۆیە ئاخێوەران بۆ دەربڕینی بۆچونەکانییان بەدوای جێگرەوەیەکی سوکتردا دەگەڕێن، بۆ ئەمەش پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی ئیوفیمیزم. ڕێبازی توێژینەوەکە (پەسنی- شیکاری) یە، هەروەها کەرەستەی توێژینەوەکەمان لە زمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی خەڵکەوە

وەرگرتــوە. ئەم تــوێژینەوەیە جــگە لە پێشــەکی و ئەنجــام خــۆی لە دو تــوێی دوبەشــدا دەبینێــتەوە، بەشــێوەیەک بەشی یەکەم بۆ(کــــورتەیەک دەربــــارەی ئیــــوفیمیزم (جــــوانبێژی)) تەرخــــانکراوە، کە خــــۆی لەم تەوەرانەدا دەبینێــتەوە (چەمــک و پێناســەی ئیــوفیمیزم، جۆرەکــانی ئیــوفیمیزم، ئیــوفیمیزمی شــاراوە، ئیــوفیمیزمی ئاشــکرا، ئەرکەکــانی ئیــــوفیمیزم، پێکهــاتەی ئیــــوفیمیزم، ئیــــوفیمزم و وشــــە، ئیــــوفیمیزم و ڕســــتە) بەشی دوەمــیش بە ناونیشــانی (ڕوانــگەیەکی کــۆمەڵایەتی بــۆ ئیــوفیمیزم و بەکارهێنانەکــانی لە زمــانی کوردیــدا)یە، کە خــۆی لەم تەوەرانەدا دەبینێــتەوە (ئیــــوفیمیزم و زمــان، ئیــــوفیمیزم و کلتــور، ئیــــوفیمیزم و ئەدەب، هۆکــارە کاریگەرەکــانی بەکارهێنــانی ئیــوفیمیزم لە زمــانی کوردیــدا، هۆکــاری دورکەوتــنەوە لە تــابو، هۆکــاری ئــاینی، هۆکــاری ســیاسی، هۆکــاری بازرگــانی).لە کۆتاییــدا ئەنجامەکــانی تــوێژینەوەکە، لیســتی ســەرچاوەکان، پــوختەی تــوێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی خراوەتە ڕو.

## بەشی یەکەم/ کورتەیەک دەربارەی ئیوفیمیزم (جوانبێژی-جواندەربڕین)

### ١/١)چەمک و پێناسەی ئیوفیمیزم(جوانبێژی)Concept and Definition of Euphemism

ئیــوفیمیزم بە یەکێــک لە بــابەتە گرنگەکــانی بــواری زمــانەوانی بەتــایبەت (زانســتی زمــانی کــۆمەڵایەتی) دادەنرێــت، هەر بــۆیە ســەیر نیــیە،کە لە ئەدەبــدا چەنــدین بەرهەم و لێکــۆڵینەوەی لەبــارەوە کــراوە. ئیــوفیمیزم دیــاردەیەکی زمــانەوانییە و بەردەوام ســەرنجی زمانەوانــانی بۆخــۆی ڕاکێشــاوە. (ئەلکــایر) پێیــوایە ئیوفیمیزمەکــان ڕەگ و ڕیشــەی لاتینییــان هەیە و زۆربەیــان لە دوای ئــازادکردنی (ئینگلــتەرا) لە ســاڵی (١٠٦٦) هــاتونەتە نــاو زمــانەوە، بەو پێــیەی ئەوکــاتە زمــانی لاتیــنی زمــانی ســەرەکی چیــنە دەســەڵاتدار و ئەرســتۆکراتییەکان بــوە. (ئێنڕایــت -Enright) پێیــوایە زاراوەی (ئیــوفیمیزم) لە زمــانی یۆنــانییەوە هــاتوە و بە واتــای (قســەکردن بەشــێوەیەکی دروســت) دێــت، بە هەمــان شــێوە فەرهەنــگی (ئیتمۆلــۆژی ئــۆنلاین) دەڵێــت: (( ئیــوفیمیزم لە بنەڕەتــدا وشــەیەکی یۆنــانییە و لە دو بەش پێکهــاتوە (Eu)، کە بە واتــای (بــاش)ە و (pheme)، کە بە واتای(قســەکردن) دێــت و هەردو وشــەکەش بەیەکەوە واتــای (قســەکردنی بــاش) دەگەیەنــن.)) (OnlineEtymology).

لە زمانەوانیــدا ئیــوفیمیزم بە شــێوازی قســەکردن نــاسراوە،کە بــۆ داپۆشــین یــان گــۆڕینی بــیرۆکەیەکی تونــد، نــاخۆش، یــاخود شــەرمەزارکەر بە بــیرۆکەیەکی جــوانتر یــاخود باشــتر بەکاردەهێنرێــت. ئیوفیمیزمەکــان لە زمــانی ڕۆژانەدا بــاون و خــزمەت بە ئەرکە کــۆمەڵایەتیە جیاوازەکــان دەکەن لەوانە (ئەدەب، دورکەوتــنەوە لە بابەتەکــانی تــابو و پاراســتنی هاوســەنگی کــۆمەڵایەتی)، ئاشکراشــە ئیوفیمیزمەکــان مــێژویەکی دور و درێژیــان لە زمانــدا هەیە و لەوکــاتەوەی، کە بیرکــردنەوەی ئەفســانەیی گەلان دەرکەوتــوە ئەویــش وەک دیــاردەیەکی زمــانی بەکــارهێنراوە. ئیوفێمیزمەکــان بە درێــژایی مــێژو بــۆ نەرمکــردن و شــاردنەوەی واقــیعە تــاڵ و تونــدەکان یــان ناخۆشــەکان بەکــارهێنراون. هەربــۆیە ئەم کــردە زمانەوانییــانە وەک ڕێــگەیەک بــۆ گەشــتکردن بە بــابەتگەلی هەســتیاردا بەشــێوەیەکی کــۆمەڵایەتی پەســەندکراوتر کــاردەکەن. ســەبارەت بە پێناســەی (ئیــوفیمیزم-جــوانبێژی) هەریەکە لە (Allan&Burridge) ((ئیــــوفیمیزم بە ســــپرای بۆنخۆشــــکەر نــــاودەبەن (Allan&Burridge,2006,50)) (ویلیــام لــۆتز- WilliamLutz) یــش ئیــوفیمیزم ((بە ئەخــلاق وتــاریێژی نــاو

دەبـــات.)) (Lutz,1997,10)، هەروەهـــا (فەیرکلـــۆف)یش (ئیـــوفیمیزم وەک دیـــاردەیەکی ڕۆژانە و گشـــتگیر دەبینێـــت،کە خـــزمەت بە ئامـــانجێکی تـــایبەت لە گوتـــاری کۆمەڵایەتیـــدا دەکـــات.)) (Fairclough,2001,12). هەرچی (راوســـن-Rawson)ە دەربـــارەی ئیـــوفیمیزم دەڵێـــت: (قســـەکەر لە کـــاتی ئاخاوتنـــدا زۆرجـــار وشـــەی ئیـوفیمیزم بەبێ مەبەسـت بەکاردەهێنێـت، واتە هەر لە منـداڵییەوە فـێر دەبێـت، کە وشـەی جـوان و ناسـک بـۆ دەربـڕینی هەنـدێک بـابەت و دیـاردە بەکاربهێنێـت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا زۆرجـار ئـاخێوەر ئیـوفیمیزم بە مەبەسـت و بـۆ شـاردنەوەی واتـای هەنـدێک وشـەی ناپەسـەند و ڕێزگـرتن بە کاردەهێنێـت بەشـێوازێک، کە گـــوێگر هەســـت بەوە نەکـــات قســـەکەر بـــۆ مەرام و مەبەســـتێک گۆڕانکـــاری لە وشـــەکانیدا کـــردوە) (Rawson,2001,23). ســـەرەڕای هەمـــو ئەم پێناســـانەش هەنـــدێک لە زمانناســـان ئیـــوفیمیزم وەک ســـەرچاوەی فریـــودان لە پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکانـــدا دەناســـێنن، لەم ڕوانگەیەشـــەوە (لاکـــۆن) پێیـــوایە ئیوفیمیزمەکـــان دەتـــوانن ((وشـــە بە ڕواڵەت ســـادە و ڕاســـتەکان لە پشـــت وشـــە فریـــودەر و ئاڵۆزەکـــان بشـــارنەوە.)) (Banga,2015,3)،تەنـــــانەت (لارۆک) یـــــش زۆر جەخـــــت لەم بۆچـــــونە دەکـــــاتەوە و پێیـــــوایە ((ئەو ئیوفیمیزمـانەی، کە مـامەڵە لەگەڵ چەمـکە سـیاسی و سـەربازی و بازرگانییەکانـدا دەکەن دەتـوانن فریـودەر بـن.))(هەمـان سـەرچاوەی پێشـو)، هەمـان دیـدگا لەلایەن (سـەفایر) ەوە پشـتگیری دەکرێـت، ئەو تیشـکدەخاتە سـەر گـرنگی ئەو ئیوفیمیزمـانەی، کە پەیوەنـدییان بە پرسـە ژینگەییەکـانەوە هەیە و دەڵێـت: ((شانبەشـانی پرسـە سـیاسی و سـەربازی و بازرگانییەکـان کێشـەی ژینگەیش بـوەتە هـۆی لەدایکبـونی چەنـدین ئیـوفیمیزم، کە زۆربەیـان چەواشـەکارانە و مشـتومڕێکی زۆریـان لەسـەرە.)) (Rawson,2001,23)،لە فەرهەنـگی (لۆنگمـان) بـۆ ئینگلـیزی هاوچەرخـدا (ئیـوفیمیزم بە بەکارهێنـانی وشـەیەکی خۆشـتر و کەمـتر ڕاسـتەوخۆ بـۆ شـتێک پێناسـە کراوە، کە وا بیر دەکرێتەوە ناخۆشە.)) (Suhadi,2021,28).

کەواتە دەتـوانین بڵێـین ئیـوفیمیزم بەکارهێنـانی وشـە یـاخود دەسـتەواژەیەکە بـۆ ئەو ئاخاوتنـانەی بە لای کـۆمەڵەوە پەسـەندتر و جـوانتر و بەڕێزانەتـرە، بەبێ ئەوەی کاربکـاتە سـەر گـۆڕینی واتـا، بە مانـایەکی تـر ئیـوفیمیزم شـێوازێکی گونجـاوە بـۆ کەمکـردنەوەی کـاریگەری نەرێـنی لە لای گـوێگر، ئەویـش بەهـۆی بەکارهێنـانی ئەو وشـە و دەربڕینـانەی، کە بە ڕاسـتەوخۆ نـاوترێن ئەمەش وا لە گـوێگر دەکـات، کە هەسـت بە دڵخـۆشی بکـات. هەرچەنـدە ئەو شـارەزا و زماننـاس و زانایـانە پێناسـەی جیاوازییـان بـۆ ئیـوفیمیزم کـردوە، بەڵام خـاڵی هـاوبەش لە نێـوان هەمویانـدا ئەوەیە، کە ئیـوفیمیزم دەربـڕینێکی بە ئەدەب و میهرەبانـانەیە بـۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا.

### ٢/١) جۆرەکانی ئیوفیمیزم Types of Euphemism

زمانناس و لێکـۆڵەرە ڕۆژئاواییەکـان لە ڕوی مەبەسـتەوە ئیـوفیمیزم بـۆ دو جـۆری سـەرەکی دابەشـدەکەن ئەوانیش:(Ustuner,2009,169)

#### ٢/١- آ) ئیوفیمیزمی شاراوە (Hidden Euphemism)

ئەو ئیوفیمیزمـانەن، کە واتاکانیـان شـاراوەیە لە کـاتی دەربڕینـدا، ئەم جـۆرە لە ئیـوفیمیزم (زیـاتر لە بـواری سـیاسی و بازرگانیـدا بەکاردەهێنرێـت، کە زۆربەی کـات هەڵگـری واتـای فریـودەر و

چەواشــەکارین)(gecekusu,2006,5)، واتە بە گشــتی ئیــوفیمیزمی شــاراوە زیــاتر بــۆ بەدەســتهێنانی ئامــانجێکی خــراپ بەکاردەهێنرێــت، بــۆ نمــونە لە کــاتی شــەڕی (بۆســنە)دا ئەو کۆمەڵکــوژییەی بەرامــبەر (بۆشــناقیا)کان ئەنجامـــــــدرا بە ( ethniccleansing- التطهـــــير العـــــرقی) لەلایەن (سربی)ەکـــــانەوە نـــــاوزەد دەکــرا(Bilginer,2001,443)، واتە ئەم دەربــڕینە بــۆ ئەو کارەســاتە بەکــاردەهێنرا، بــۆ ئەوەی وشــەی کۆمەڵکــوژ بەکارنەهێنرێــت و هەســتی خەڵــک و بە تــایبەت کــۆمەڵگەی نێــودەوڵەتی برینــدار نەکرێــت و بە کــارێکی ناپەسەندی نەزانن.

لە هەمــو کۆمەڵگایەکــدا ڕۆژانە چەنــدین وشــە و دەربــڕین وەکــو ئیــوفیمیزمی شــاراوە بەکــاردەهێنرێن بە تــایبەت لە بــواری بازرگانیــدا، ئەمەش بــۆ ئەوەیە (کڕیــار- بەکــاربەر) بە بەکارهێنــانی بەرهەمەکــان ڕازیبکــات. لە ڕاســتیدا دیــاردەی بەکارهێنــانی ئیــوفیمیزمی شــاراوە فریــودانی بەکــاربەرە و یــارییەکی زمــانییە، کە بازرگــان لە ســاغکردنەوەی کاڵاکانیــدا بەکاریــدەهێنێت، بــۆ نمــونە (لە کۆمەڵگــای تورکیــدا لە شــوێنی دەســتەواژە (zam)، کە بە واتــای گرانبــون و بەرزبــونەوەی بەهــای کاڵاکــان لە بــازاڕدا دێــت دەســتەواژەی (fiyat ayarlamasi)، واتە ڕاســتکردنەوەی بەهــای کاڵاکــان (تعــديل الاســعار) بەکاردەهێنرێــت.) (gecekusu,2006,6). هەر لە بــواری بازرگانیــدا بــۆ کەســانی (قەڵەو و لاواز) هەنــدێک هێمــا لە ســەر جــل و بەرگەکــان دادەنرێــت، کە لە دونیــای ئەمــڕۆدا بــونەتە هێمــایەکی جیهــانی وەک هێمــای (XXXL,XXL,XL,L,M,S) و لە کــاتی ئاخاوتنــدا دوکانــدار و بازرگانەکــان ســودی زۆری لێــدەبینن، چــونکە لە کــردەی ئاخاوتنــدا تــاڕادەیەکی زۆر نەگونجــاوە بە کڕیــارەکەت بڵێیــت قەڵەویــت یــاخود لاواز، هەر بــۆیە لە شــوێنی ئەم دو وشــەیە ئەم هێمایــانە بەکــاردەهێنرین، کە ئەمەش ئیوفیمیزمێکی شاراوەیە و بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکان سودی لێدەبینرێت.

لەڕاســتیدا ئیــوفیمیزمی شــاراوە نەک هەر لە بــواری بازرگانییــدا، بەڵکــو لە بــواری سیاسیشــدا زۆر بەرچــاو دەکەوێــت و ڕۆژانە چەنــدین وشــە و دەســتەواژە وەکــو ئیــوفیمیزمی شــاراوە بەکــاردەهێنرێن. کۆمەڵێــک لە زمانناســان پێیــانوایە، کە بەکارهێنــانی ئیــوفیمیزم لە بــواری سیاســیدا ئامــانجی فریــودانی تاکەکــانی هەیە، بــۆ نمــونە دەربــڕینێکی وەک (بەرزکــردنەوەی بــاج) لە سیاســەتی ئەمــڕۆدا زۆرجــار بە ئیــوفیمیزمێکی وەک (زیــادکردنی داهــات) جــێگەی دەگیرێــتەوە، ئەمەش زیــاتر بــۆ ئەوەیە، کە خۆیــان لە دەنــگی نــاڕازی خەڵــک دور بــخەنەوە. هاوکــات لە ســەردەمی جەنــگی دوەمی جیهــانی و بە تــایبەت لە ئەڵمانیــا چەنــدین ئیــوفیمیزمی شــاراوە وەکــو ئامرازێــک بــۆ فریــودان بەکــاردەهێنران، (بەشــێوەیەک لە کــاتی حکــومڕانی (هیــتلەر)دا چی زوڵــم و زۆری و کوشــتن و فێڵکــردن بــو لە پشــت وشــەی جــوان و ناســک دەشــاردرانەوە، بــۆ نمــونە دەســتەواژەی (imparatorluk yasliar yurdu) واتە (شــوێنی ئیمپراتــۆرە بەتەمەنەکــان) بەکــاردەهێنرا بــۆ ئەو شــوێنانەی کەســانی بەتەمەن تێیــدا ژەهــر خــوارد دەکــران و تێیــدا ئەکــوژران. لە بــواری کۆمەڵایەتیشــدا چەنــدین نمــونەی ئیــوفیمیزمی شــاراوە هەیە، بــۆ نمــونە لە زمــانی تورکیــدا دەســتەواژەی (huzur evi)، کە بە واتــای (مــاڵی خۆشیيەکان/شــادییەکان) دێــت بەکاردەهێنرێــت لە شــوێنی دەســتەواژەی (yaslilary yurdu)، کە بە واتــای (شــــوێنی بەســــاڵاچوان) دێــــت، ئاشــــکرایە لە زۆربەی کۆمەڵگاکانــــدا هەنــــدیک جــــێگە هەن، کە تــایبەتن بە کەســانی بەتەمەن، جــا ئەو کەســانە کەســوکاریان نەمابێــت یــاخود نەیــانگرتبێتنەخۆ، لە ڕاســتیدا ئەو شــوێنانە

هـيچ خـۆشی و شـاديیەک بـۆ بەسـاڵاچوان دروسـتناکەن، بەڵام ئەم جـۆرە دەربڕينـانە بـۆ مەبەسـتی ڕێزگـرتن لەوان بەکاردەهێنرێن).(Banga,2015,4).

لە زمـانی کورديشـدا چەنـدين نمـونەی ئيـوفيميزمی شـاراوەمان هەيە و ڕۆژانە بەرگوێمـان دەکەون، واتە زمـانی کـورديش وەکـو تەواوی زمانـانی تـری جيهـان بێ بەری نيـيە لەو وشـە و دەسـتەواژانەی چ لە بـواری بازرگـانی يـان بـواری سياسـيدا بەکـاردەهێنرێن، بـۆ نمـونە وشـەی (گەنـدەڵی) و دەسـتەواژەی (بەهەدەردانی سـامانی وڵات) لە شـوێنی وشـەی(دزيکردن) بەکاردەهێنرێـت، واتە بەکارهێنـانی وشـەی (دزيکـردن) وێـنەيەکی نـاشرين و واتـايەکی نـاخۆش لای گـوێگر دروسـتدەکات، هەر لەبەر ئەمەشـە ئـاخێوەران خۆيـان لە بەکارهێنـانی ئەم جۆرە وشە و دەربڕينانە دور دەخەنەوە و لە بری ئەوە دەربڕينی تر بەکاردەهێنن.

٢/١- ب) ئيوفيميزمی ئاشکرا (Obvious Euphemism)

ئەو ئيوفيميزمـانەن، کە قسـەکەر لە کـاتی ئاخاوتنـدا مەبەسـتەکانی بە ئاشـکرا دەردەبڕێـت، واتە ئەم جـۆرە لە ئيـوفيميزم هـيچ يـارييەکی زمـانی تێـدا نيـيە. لە ئيـوفيميزمی ئاشـکرادا ئـاخێوەر هەوڵـێکی زۆر دەدات بـۆ ئەوەی چی وشـە و دەسـتەواژەی جـوان و سـەرنجڕاکێش هەيە، لە شـوێنی دەربـڕينی ڕەق و نـاخۆش و ئەوانەی دەبـنە هـۆی دروسـتبونی (شـەرم و تـرس و خەم و بێزێـزی) بەکاربهێنێـت. بێگومـان مەبەسـت لە بەکارهێنـانی ئيـوفيميزمی ئاشـکرا تەنيـا نەهێشـتن يـاخود کەمکـردنەوەی ئەو کـاريگەرييە خـراپەيە، کە هەنـدێک ئاخـاوتن لە لای گـوێگر دروسـتيدەکات.(Tandiliku,2021,17). ئەم جـۆرە ئيـوفيميزمە کاتێـک لەلايەن قسـەکەرەوە بەکاردەهێنرێـت، گـوێگر هەسـت بەوە دەکـات، کە مەبەسـتی قسـەکەر ڕێزگـرتنە لە خـۆی و گـوێگرەکەی، ئەمەش تەواو پـێچەوانەی ئيـوفيميزمی شـاراوەيە، کە قسـەکەر تەنهـا مەبەسـتی فريـودان و درۆکـردنە لەگەڵ گـوێگرەکەی. بێگومـان ئيـوفيميزمی ئاشـکرا زيـاتر لە بـواری (تـرس، شـەرم، سـێکس، ئـاين، کەمئەندامی،هتـد) بەکاردەهێنرێت. بۆ نمونە:

- بەداخەوە منداڵەکە بەنابينايی لە دايک بو.
- پياوەکە گيانی لە دەستدا.
- ئافرەتێکی ساويلکەيە.
- جوانە مەرگ بو.
- دوگيان بو.
- زمانی دەيگرێت.
- توشی دەردە پيسەکە بوە.

٣/١) ئەرکەکانی ئيوفيميزم (The Function of Euphemism)

ئەرکەکانی ئيوفيميزم بەپێی(.Bachriani,et.al) باچريانی و هاوکارانی بريتين لە: (Suhadi,et.al,2021,32)

**١-** ئیوفیمیزمەكـان ئـامرازێكن بـۆ پـاڵاوتنی زمـان،كە لە شـێوەی وشــە و ڕسـتە و دەربڕینەكانـدا بەكـاردەهێنرێن و ئامــاژەی ناشایســتە،ناخۆش یــاخود ناپەســەندیان هەیە و بە دەربــڕینی تــر جێگەیــان دەگیرێــتەوە، ئەمەش بــۆ ئەوەیە، كە ئاخێوەر خۆی لە بەربەستە كۆمەڵایەتی و ململانێ كلتورییەكان دور بخاتەوە.

**٢-** ئیوفیمیزمەكـان وەک ئامرازێـک بـۆ نهێـنی هێشـتنەوەی بابەتگەلێـک یـاخود شـتانێک بەكـاردەهێنرێن، كە تـاڕادەیەک ئاشـكرا كردنیـان زیـان بە گـوێگر دەگەیەنێـت، بـۆ نمـونە لە (بـواری پزیشـكی)دا هەنـدێک كـات وادەخوازێـت، كە چـارەخواز هەمـو زانیـارییەكی پێنەدرێـت بەتـایبەت كاتێـک تـوشی نەخۆشـییەكی كوشـندە بـوە وەكو نەخۆشی (شێرپەنجە/سەرەتان).

**٣-** یەكـێكی تـر لە ئەركی ئیوفیمیزمەكـان ئەوەیە،كە وەک ئامرازێـک لە بـواری دیبلۆماسـیدا كـاردەكەن، ئەمەش زیـاتر لەلایەن بەرپرسـان و سـەركردە سیاسـییەكان بـۆ ڕازیكـردنی خەڵـک و ژێـر دەسـتەكانیان بەكـاردەهێنرێن لە پێناو دوركەوتنەوە لە دەربڕینە ڕاستەوخۆ و نەخوازراوەكان،وەک:

- بەرزكردنەوەی باج ⟵ زیادكردنی داهات

٤- ئەركــێكی تــری ئیوفیمیزمەكــان ئەوەیە، كە وەک ئامرازێــک لە بــواری پەروەردەكردنــدا ســودی لێــدەبینرێت. بەواتــایەكی تــر ئیــوفیمیزم ئــامرازێكی پەروەردەیــیە، كە تێیــدا ئــاخێوەر خــۆی لە باســكردنی ڕاســتەوخۆی ئەو وشانە بەدور دەگرێت، كە ناپەسەندن و جۆرێک لە بێ ئەدەبییان تێدایە.

**٥-** ئیوفیمیزمەكــان وەک ئامرازێــک بــۆ دورخســتنەوەی مەتــرسی بەكــاردەهێنرێن، ئەم ئیوفیمیزمــانەی لەم بــوارەدا كـاردەكەن چەمـک گەلـێكن، كە ڕەنگـدانەوەی هەوڵەكـانی مـرۆڤن بـۆ بەدەسـتهێنانی ئاشـتی و سـەلامەتی و خۆشگوزەرانی كۆمەڵایەتی.

**٤/١) پێكهاتەی ئیوفیمیزم (Structure of Euphemism)**

**١-٤/١) ئیوفیمیزم و وشە**

**آ/ وشــەی ســادە:** وشــەی ســادە ئەو وشــەیەیە، كە بە تەنیــا لە مــۆرفێمێكی واتــادار پێكــدێت، واتە ئیــوفیمیزم دەكرێت تەنها لە وشەیەكی سادە پێكبێت. بۆ نمونە:

سنگ ⟵ دایكەكە بە شیری سنگی منداڵەكەی گەورە كردوە.

سپێرم ⟵ پیاوەكە فەحسی سپێرمی كردوە.

**ب/ وشــەی دارێــژراو:** ئەو وشــەیەیە،كە لە مــۆرفیمێكی واتــادار لەگەڵ پێشــگرێک یــاخود پاشــگرێک یــان هەردوكیان پێكدێت. بۆ نمونە:

بێڕەوشت ⟵ ئاسایش شوێنی بێڕەوشتەكانی داخست.

نابینا ⟵ پیاوە نابیناكە لە شەقامەكە پەڕیەوە.

**ج/ وشەی لێکدراو:** ئەو وشەیەیە، کە لە دو مۆرفێمی واتادار یاخود زیاتر پێکدێت. بۆ نمونە:

کەم ئەندام ⟵ پێویستە کەم ئەندامان ڕێزێکی زۆریان لێبگیرێت.

سەرئاو ⟵ منداڵەکە بۆ سەرئاو ڕۆیشت.

لەشفرۆش ⟵ لەشفرۆشی یەکێکە لە قێزەونترین دیاردەکانی ناو کۆمەڵگا.

**٤/١- ٢) ئیوفیمیزم و ڕستە**

لە ئاستی ڕستەسازیدا ئیوفیمیزمەکان دەکرێت لە ڕستەیەک یاخود زیاتر پێکبێن، لەمبارەیەوە زمانزانی بەناوبانگی ئەمریکی (بۆلینگەر دوایت) دەڵێت: ((ئیوفیمیزمەکان تەنها لە ئاستی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیدا سنوردار نین، بەڵکو لە ئاستی سینتاکسیشدا ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە دروستکردن و گۆڕینی ناوەڕۆکی واتاکاندا دەگێڕن.)) (Boltayevn,2020,53)، بە واتایەکی تر ئاستی ڕستەسازی ڕێگەیەکی کاریگەرە بۆ دارشتن و دەربڕینی ئیوفیمیزمەکان. لەم ئاستەی زماندا زۆرجار ئاخێوەر بۆ ئەوەی دەربڕینەکەی کەمتر توند دەربکەوێت شێوازی نکۆڵیکردن لە ئاخاوتنەکانیدا بەکاردەهێنێت لە شوێنی دەربڕینە ڕاستەوخۆکان، بۆ نمونە لە ڕستەی:

- پێموانییە ئەمە مومکین بێت.

کەمتر توندە و ڕەنگە گوێگر هەست بە باشتر بون بکات لەوەی، کە پێی بوترێت:

- پێموایە ئەمە مەحاڵە.

چونکە ڕستەی یەکەم دەتوانێت هیوایەک بە گوێگر بدات بەوەی، کە ڕەنگە هەندێک ئەگەر هەبێت، بەڵام ڕستەی دوەم ڕاستەوخۆ دەرگای هیوا دادەخات، جگە لەمەش (گۆڕانی کات) یەکێکی ترە لەم بابەتانەی لەم ئاستەدا کاریگەری خۆی لە ئیوفیمیزمدا هەیە، چونکە زۆربەیکات ئاخێوەر لە ئیوفیمیزمەکاندا سود لە کاتی (ڕابردو) دەبینێت بۆ دەربڕینێکی ئیوفیمیزم وەک لە ڕستەی:

- باوەڕم وابو کەسێک دەتوانێت لەو کارەدا یارمەتیم بدات.

واتای ڕاستەقینەی قسەکەر ئەوەیە (کەسێک بێت یارمەتیم بدات.)، هەروەها دەنگی (پاسیڤ)یش دەتوانرێت لە ئیوفیمیزمەکاندا سودی لێوەربگیرێت بۆ خۆ بە دور گرتن لە کارێک بە تایبەت ئەگەر کەسێک بیەوێت ڕەخنەیەک بگەیەنێت، بۆ نمونە:

- ئێمە ڕێگەت پێنادەین پەرتوک لە کتێبخانەکە ببەیتە دەرەوە.

لێرەدا ئاخێوەر دەتوانێت ئەم دەربڕینە بەم ئیوفیمیزمە بگۆڕێت و جێگەی بگرێتەوە. وەک

- تکایە، بردنە دەرەوەی پەرتوک لە کتێبخانە قەدەغەیە.

بێگومـان ئەم دەربـڕینە بە لای گـوێگرەوە نەرمـتر و پەسـەندترە لە دەربـڕینەکەی پێشـوتر. یـاخود لەم نمونـانەی خوارەوە، کە دەربڕینێکی ئیوفیمیزمن و بەکارهێنانیان بە لای کۆمەڵەوە پەسەندترە. وەک:

- ئەمری خوای کرد.
- جێ و مەکانی بەهەشت بێت.
- دواناخۆشیتان بێت.
- ڕۆحی شاد بێت.
- کۆتایی بە ژیانی هێنرا.
- مۆمی تەمەنی کوژایەوە.
- لە سوڕی مانگانە دایە.
- لە هاوسەرەکەی جیابوەوە.

## بەشی دوەم/ ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ئیوفیمیزم و بەکارهێنانەکانی لە زمانی کوردیدا

### ١/٢) ئیوفیمیزم و زمان (Euphemism and Language)

زمـان ڕۆڵـێکی گـرنگی لە ژیـانی مرۆڤـدا هەیە، بەو پێـیەی وەک ئـامرازێکی پەیوەنـدیکردن لە نێـوان ئاخێوەرانـدا بەکاردەهێنرێـت. لەم ڕوانـگەیەوە ئەگەر سـەیر بکەین(کـاریگەریی زمـان لە سـەر ژیـانی مـرۆڤ هێنـدە بەهـێزە، کە شـتێکی نـامۆ نیـیە ئەگەر نـاکۆکی لە کۆمەڵگـادا ڕو بـدات، چـونکە هەر جـۆرە نیشـانەیەک یـاخود گۆڕانکـارییەک، کە لە ژیـانی مرۆڤـدا سـەر هەڵـدەدات بەهـۆی زمـانەوە دروسـت دەبێـت.)(Banga,2015,187). ئەوە ((سروشـتییە کاتێـک خەڵـکی دەڵـێن زمـان دەسـەڵاتە. ئەم وشـەیە ئەوەنـدە سـادەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوەنـدە مانـایەکی ئـاڵۆزی هەیە.))(Boltyevna,2020,141)، ئەم لێـدوانە لەلایەن (فەیرکلـۆف-Fairclough) ەوە خـراوەتە ڕو، کە یەکـێکە لە دامەزرێـنەرانی شـیکاری ڕەخـنەیی گوتـار، لە لایەکی تـرەوە کەسـانێک هەن دەڵـێن: ((ئـێمە بە وشـە بیردەکەیـنەوە، بە وشـەکانیش چەمـک پێکـدەهێنین.)) (Erkoci&Bushgjjikaj,2019,125) بە پشـت بەسـتن بەو وەسـفەی سـەرەوە، ئەوە ڕون دەبێـتەوە، کە ڕۆڵ و کارکردنی زمان لە ژیانی مرۆڤدا هیچ گومانێک هەڵناگرێت.

زمـان ئـامرازێکی چارەنوسسـازە بـۆ پەیوەنـدیی نێـوان مرۆڤەکـان، تەنـانەت گـرنگترین ناوەنـدە لە نێـوان هەمـو سیسـتەمە نیشـانەییەکانی مرۆڤـدا. زمـان لەلایەن شارسـتانیەتی مـرۆڤەوە بە یەکەوە لەگەڵ گەشەسـەندنی کلتـور و بیرکـردنەوە و هەروەهـا تەکنەلۆژیـادا دروسـتدەبێت و بەبێ زمـان زانسـت و تەکنۆلۆژیـا نـاتوانن گەشـە بـکەن، جـگە لە مەش زمـان لە پێکهـاتەی کلتورییـدا پـێگە و ئەرک و ڕۆڵی دوانەی هەیە، چـونکە لە لایەکەوە ڕەگ و بەرهەمی کلتـورە، لە لایەکی تـرەوە ئـامرازی بیرکـردنەوە و پشـتیوانیکردنە لە گەشـەکردن و گەشەسـەندنی زانسـت و تەکنەلۆژیـادا، هەربـۆیە ئەگەر ((وریـا بـین لە بەکارهێنـانی زمانـدا، لە بیرکردنەوەشـدا وریـا دەبـین، چـونکە زمـان ئـاوێنە و هـێزی عەقـڵە.))(Baydak,2015,18)، لەم ڕووەوە دەتـوانین بڵێـین ئیوفیمیزمەکـان کـاریگەرییەکی گەورەی واتاییـان لە سـەر زمـان هەیە، هەروەهـا پەیوەنـدییەکی بەهێزیشـیان لەگەڵ کۆمەڵگـا و کلتـوردا هەیە، بەو پێـیەی ئەوان سـتراتیژییەتی مانـا بەکـاردەهێنن نەک بـۆ ئەوەی خۆیـان لە

بــابەتەکە بەدور بگــرن، بەڵکــو بــۆ ئەوەیە ڕێبــازێکی جێگــرەوە بــدۆزنەوە بــۆ درێــژەدان بە پەیوەنــدییە کۆمەڵایەتییەکــان، هەر ئەمەشــە وایکــردوە، کە هەریەکە لە (بــراون و لیڤینســن) بڵــێن: ((ئیوفیمیزمەکــان تایبەتمەنــدییەکی گشــتگیری بەکارهێنــانی زمــانن و لە هەمــان کاتتــدا ئــامرازێکی زۆر کــاریگەرن بــۆ کــۆنترۆڵکردنی لایەنی کــــــۆمەڵایەتی.))(Brown&Levinson,1978,82)، لەبەر ئەوەی ئـــــاخێوەران بە بەردەوامی زمـــــان وەک ئامرازێــک بــۆ پەیوەنــدیکردن لەگەڵ یەکــتردا بەکــاردەهێنن، چ بەشــێوەی زارەکی بێــت، یــاخود لە شــێوەی نوسیندا بێت.

## ٢/٢) ئیوفیمیزم و کلتور (Euphemisms and Culture)

ئیوفیمیزمەکــان توانــای وەســفکردنی بەکارهێنــانی جۆراوجــۆری مانــای وشــەییان هەیە، کە پەیوەنــدییان بە مەیـلی کلتـوری زمـانەوە هەیە. دیـارە زمـان تەنیـا سیسـتەمێکی فۆرمـاڵی دەنـگ و وشـە و پێکهـاتەی ڕستەسـازی نیــیە، بەڵکــو بە پــردی پەیوەنــدی لە نێــوان ئاخێوەرانــدا لە چوارچێــوەی بیروبــاوەڕ و هەڵوێســت و داب و نەریــت و ڕەفتــار و خــوی کــۆمەڵایەتی دادەنرێــت، کە ئەمەش پەیوەســتە بە کلتــورەوە. کلتــوریش (کۆمەڵێــک بیروبــاوەڕ، بەهــا، ئەخــلاق و ڕەفتــارە، کە لەلایەن کۆمەڵگــاوە دادەنرێــت بــۆ ئەوەی ڕەفتــاری ئەنــدامەکانی ســـنوردار بکـــات.)(Jdetawy,2019,3834)، کەواتە زمـــان پەیوەنـــدییەکی تـــۆکمەی لەگەڵ کلتـــوردا هەیە و ڕوداوەکـانی زمـان لە بنەڕەتــدا وەک ڕوداوی کلتــوری ســەیر دەکــرێن، هەر لەبەر ئەمەشــە دەوترێــت پێویســتە لە سەر ئاخێوەر بەشێوەیەکی گونجاو لە کۆمەڵگادا ڕەفتار بکات و ئاگاداری کلتوری زمانەکەی بێت.

دەربــڕاوە ئیوفیمیزمەکــان لە کلتــورێکەوە بــۆ کلتــورێکی تــر دەگــۆڕێن، بەو پێــیەی هەر کلتورێــک خــاوەنی تایبەتمەنـــدی و داب و نەریـــتی کـــۆمەڵایەتی خـــۆیەتی و لە کلتـــورێکی تـــر جیـــاوازە، ئەم تایبەتمەنـــدی و جیاوازییـــانەش لە زمانـــدا ڕەنگـــدەدەنەوە، هەربـــۆیە دەوترێـــت ئیـــوفیمیزم و کلتـــور پەیوەنـــدییەکی دو لایەنەیـــان بەیەکەوە هەیە، بەو پێـــیەی دەربـــڕاوە ئیوفیمیزمەکـــان پـــڕ پـــڕن لە بەهـــای (کلتـــوری، کۆمەڵایەتی،....هتـــد). دەربــڕاوە تابوییەکــان لە زمانــدا بە ئاســانی بەراورد لە نێــوان دو کلتــوری جیــاوازدا ڕونــدەکەنەوە، چــونکە ئەوە کلتــوری ئەو کۆمەڵگــایەیە بڕیــار لە ســەر ئەوە دەدات، کە دەربڕینێــک تــابوە یــاخود تــابو نیــیە، بــۆ نمــونە لە کلتـــوری وڵاتی (ســـوید)دا زۆر ئاســـاییە ئـــافرەت دەســـتەواژەی (میزکـــردن) لە هەمـــو کـــات و شـــوێنێکدا بەکاربهێنێت، واتە ئاساییە ئەگەر بڵێت:

- دەچم میز دەکەم.

بەڵام لە زۆربەی کلتورەکــانی تــری جیهانــدا ئەم دەســتەواژەیە تــابویە و چەنــدین دەســتەواژەی تــری ئیــوفیمیزم لە شــوێنی ئەو بەکــاردەهێنرێن، هەروەهــا (لە زمــانی ئینگلیزیشــدا بەهەمــان شــێوەیە بــۆ نمــونە خوێنــدکارانی کــۆلێجی (بــالیۆل) لە زانکــۆی (ئۆکســفۆرد) بــۆ دەربــڕاوی (بــڕۆ بــۆ توالێــت) دەســتەواژەی (ســەردانی خــاتو پیریــام بــکە) بەکــاردەهێنن، ئەم دەربــڕینەش بــۆ ئەوە دەگەڕێــتەوە، کە ئەم زەوییــانەی تــوالێتی ئەم کــۆلێجەی لەســەر دروســـتکراوە لەلایەن (خـــاتو پیریـــام) ەوە دراوە بەم کـــۆلێجە (al-khasawneh,2018,32)، هەرچی پەیوەســـتە بە زمانی کوردییەوە لەم کۆمەڵگایەدا ئافرەتان زیاتر ئەم دەستەواژانە بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنن:

- بۆ سەر ئاو دەچم.
- بۆ دەستشۆر دەچم.
- دەست و چاوم دەشۆم.

ئەم جیاوازییە کلتورییە تەنانەت زۆرجار لە ناو چەند دیالێکتێکی یەک زماندا بەرچاو دەکەوێت، بۆ نمونە لە شێوەزاری (هەولێر) دا ئاخێوەر بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم ڕستانە بەکاردەهێنێت:

- تۆ کوڕێکی قۆزیت.
- ئارا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ قۆزتر دەبێت.
- ڕامیار گەنجێکی قۆزە.

وشەی (قۆز) لە کلتور و شێوەزاری (هەولێر)دا وشەیەکی پەسەندە و واتایەکی جوان دەدات و ئاخێوەرانی لە سەر ئەم واتایە ڕێککەوتون، بەڵام ئاخێوەرێک لە (دهۆک) ناتوانێت ئەم وشەیە بە ڕاستەوخۆیی بەکاربهێنێت، چونکە لە کلتور و شێوەزاری ئەواندا ئەم وشەیە واتای (ئەندامی سێکسی_ مێینە) دەدات و دەبێتە هۆی دروستبونی شەرم و بێزێزی، واتە ئەم وشەیە لە (دهۆک) تابوە و ئاخێوەران خۆیان لە بەکارهێنانی دور دەخەنەوە و لە شوێنی ئەمە وشەی (جوان، لاو، ڕند، تازە،هتد) بەکاردەهێنن، کەواتە دەتوانین بڵێین فاکتەری کلتوری و ناوچەی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە دروستکردنی ئیوفیمیزم لە زماندا هەیە.

### ٣/٢)ئیوفیمیزم و ئەدەب (Euphemisms and Politeness)

بە بۆچونی (Al-Kharabsheh) پەیوەندیکردن تەنیا بابەتی ئاڵوگۆڕی گفتوگۆ نییە، بەڵکو بابەتی بەئەدەب و زانین و چۆنیەتی ناردنی پەیامەکە بەبێ ئەوەی کاریگەری لە سەر ڕوخساری قسەکەرەکە هەبێت. لە کردەی ئاخاوتندا زۆرجار ئاخێوەران ڕوبەڕوی ناتەبایی مەعریفی دەبنەوە و دۆخەکان پێویستی بە هەڵبژاردن هەیە لە نێوان ئاماژەدان بە شتێک، کە ڕاستەوخۆ بێت، یاخود ڕزگارکردنی کەسێک لە هەندێک بەرپرسیارێتی و ڕێگەدان بە گوێگر، کە لە مانای ڕاستەقینە بگات. بونی وشەی ڕاست و ڕەوان، کە ڕەنگە ترس لە هێزە سەرو سروشتییەکانی وەک (مردن) دروستبکات ئیلهامبەخش بێت و ببێتە هۆی گەڕان بە دوای ئیوفیمیزمدا. زۆرێک لە زمانەکان ئامرازی تایبەتییان هەیە بۆ نیشاندانی (ئەدەب، جیاوازی، ڕێزگرتن، یان دانانان بە پێگەی کۆمەڵایەتی قسەکەر و گوێگر)(narmina,2015,152)، کەواتە ((ئەدەب دیاردەیەکی پێناسەکراوی کلتورییە و ئەوەی لە کلتورێکدا بە ئەدەب دادەنرێت، زۆرجار دەتوانێت لە کلتورێکی دیکەدا تەواو بێ ئەدەبی بێت یان سەیر بێت.)(Leech,2014,19)، یەکێک لە تەکنیکەکانی نمایشکردنی ئەدەب بەکارهێنانی ئیوفیمیزمەکانە، کە سود لە نارونی و هەروەها واتاسازی وەردەگرن.

چەمکی ئەدەب لە دوای پەرەپێدانی لەلایەن (براون و لیڤنسن-Brown&Levinson ) ەوە گرنگییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی، چونکە هەریەکە لە (براون و لیڤینسن) (تیۆری ئەدەب)یان پەرەپێدا، تیۆرەکە بانگەشەی ئەوە دەکات و دەڵێت: ((کاتێک ئاخێوەران دەیانەوێت خۆیان لە هەڕەشەکردن بۆ سەر ڕوخساری بەرامبەر بەدور بگرن، پەنا دەبەنە بەر بەکارهێنانی فۆڕمی جۆراوجۆری ناڕاستەوخۆی و نارونی و،هتد بۆ

ئەوەی قسەیان لەگەڵ بکەن و بەو هۆیەوە واتاکانیان تێکەڵ بە (ئاماژە) دەکەن نەک ڕاستەوخۆ دەریبڕن.)) (Brown&Levinson,1978,85) سەرەڕای ئەمەش (تیۆری ئەدەب) سەر بە بواری (پراگماتیکی کۆمەڵایەتییە) و لێکۆڵینەوەیە لەپەیوەندیی نێوان (قسەکەر،گوێگر، بابەت و شوێن)، کە پێویستە ڕۆڵیان لە کردەی ئاخاوتندا لە بەرچاو بگیرێت. هەر لەبەر ئەمەشە (براون و لیڤینسن) باوەڕیان وایە ئەدەب هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەوەی ئاخێوەران لە ئاخاوتنەکانیاندا پەنا ببەنە بەر بەکارهێنانی ئیوفیمیزم.

لەگەڵ گەشەسەندنی ڕەوتی ئابوری و کۆمەڵایەتییدا مرۆڤەکان بە دوای شارستانیەتی زمانەدا دەگەڕێن، هەر لەبەر ئەمەشە کاتێک ئاخێوەران دەیانەوێت ئاماژە بە شتێکی ناخۆش بکەن، پێیان باشە هەندێک دەربڕینی سوک و ناڕاستەوخۆ و ئیوفیمیزم بەکاربهێنن، بەمەش پراکتیکی ئیوفیمیزم ئەرکی ئەدەبی خۆی نیشاندەدات، کە بریتییە لە ڕێزگرتن لە کەسانی تر و دەربڕینی وشەکان بە ئەدەبەوە، بۆ ئەوەی ئاخێوەران ئازاریان پێ نەگات و وایان لێبکات ئەو شتانە بەشێوەیەکی دڵخۆشکەر قبوڵ بکەن، کەواتە ئیوفیمیزمەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە دروستکردنی کەشێکی ئەرێنی و پتەوکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە کۆتایشدا بەدەستهێنانی ئامانجەکانی پەیوەندیکردن. بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا وشەی (پیر) لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتییەوە وشەیەکی تابوە و چەندین ئیوفیمیزمی هەیە، کە دەتوانرێت شوێنی وشە تابوەکە بگرێتەوە و لە هەمانکاتدا ئەدەب و ڕێزێکی زۆر نیشانبدات وەک (بەساڵاچو، بەتەمەن، بە ئەزمون،هتد).

- پیاوە <u>پیرە</u>کە هات. ← پیاوە <u>بەتەمەن</u>ەکە هات.
  ← پیاوە <u>بەساڵاچو</u>ەکە هات.
  ← پیاوە <u>بە ئەزمون</u>ەکە هات.

### ٤/٢) هۆکارە کاریگەرەکانی بەکارهێنانی ئیوفیمیزم لە زمانی کوردیدا

#### ١-٤/٢) هۆکاری دورکەوتنەوە لە تابو

وشەی تابو (Taboo) لە بنەڕەتدا وشەیەکی (پۆلۆنیزی)یە و لەو کۆمەڵگایەدا ئاماژەیە بۆ ئەو کردارانەی (قەدەغەکراون) و پێویستە ئاخێوەران خۆیانی لێ بە دور بگرن، لە ساڵی (١٧٧٧) لەلایەن کاپتن (کوک) ەوە ئەم وشەیە هاتە ناو زمانەوانی ئەوروپییەوە و دواتریش لەلایەن چەندین و نوسەر و زانایانی زانستەکانی ترەوە بەکارهێنرا، یەکێک لەو زانستانەش زانستی زمانەوانی بو (ئەمین،٢٠١٢، ٢٣)، بە بۆچونی هەریەکە لە (فرۆمکین و ڕۆدمان-Fromkin&Rodman)((ئیوفیمیزم و تابو وەک دو ڕوی یەک دراون.)) (Fromkin&Rodman,2014,32)، بەو پێیەی ئیوفیمیزم و تابو پەیوەندییەکی بەتینیان بەیەکەوە هەیە و ناتوانرێت لە یەکتر جیابکرێنەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەردو دیاردەکە لە زمانەدا لەگەڵ یەکتر دێن و یەکتری تەواو دەکەن، واتە ناگونجێت باس لە یەکێکیان بکەین و ئەوەی تریان فەرامۆش بکەین، چونکە هەر شوێنێک تابوی لێبێت دەتوانێت ئیوفیمیزم دروستبکات، هەر لەبەر ئەمەشە دەتوانین بڵێین یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی دروستبون و بەکارهێنانی ئیوفیمیزم لە زماندا تابوە. کەواتە ((تابو بریتییە لە سەرجەم ئەو دەربڕاوە زمانییانەی، کە لە ڕوی کۆمەڵایەتی و کلتورییەوە دەربڕینیان بەشێوەیەکی

ڕاســتەوخۆ شــیاو نیــیە، ئەمەش لە لایەکەوە بەهــۆی وابەســتەبونیان بە ئۆرگانەکــانی ئــادەمیزادەوە، یــان کــردە سێکســـییەکانەوە، یــان نەخــۆشی و شــتە شــومەکان، لە لایەکی تریشــەوە وا بەســتەی دەربڕینەکــانە بە بــابەت و شــوێنە پیرۆزەکــانەوە.))(فەرەج،٢٠١١، ٥٩). لەمبــارەیەوە (غونــانێ) بــاوەڕی وایە دەربــڕاوە تابویيەکــان لە هەمــو زمــان و کلتورەکانــدا هەن، هەرچەنــدە هەمــو کۆمەڵگــایەک هەنــدێک تــابوی تــایبەت بە خــۆی هەیە، کە پەیوەســتە بە بیروبــاوەڕە کلتورییەکــانی ئەو کۆمەڵگــایەوە، ئەمەش بەو واتــایە دێــت، کە هەنــدێک لە دەربــڕاوە تابويیەکان گشتگیرن و هەندێکی تریشیان تايبەتن بە کلتور و کۆمەڵگاوە.

لە ڕاســتیدا تــابوترین بابەتەکــان لە کلتــوری ڕۆژئــاوادا ســنوردارە بەو شــتەی، کە نــاوی لێــنراوە (سێگۆشــەی تــابو)، کە لەنێویانــدا (ســێکس، ئــاین و سیاســەت) لە هەرە دەربــڕاوە تابويیەکــانن، هەرچەنــدە (ســێکس) وەک تــابوترین بــابەت لە کلتــوری ڕۆژئــاوادا دەمێنێــتەوە، واتە بەهێزتــرین وشــەی تــابو لە جیهــانی ئینگلــیزی قســەکەردا هێشــتا پەیوەســتن بە سێکســەوە.(Trudgill,2000,79)، ئەگەر ئەمە پەیوەســت بکەیــن بە کلتــور و کۆمەڵگــای کــوردییەوە بە هەمــان شــێوە دەربــڕاوە (سێکســیيەکان) لە تــرۆپکی دەربــڕاوە تابۆییەکــان دان. زمــان وەک چەکــێکی کــاریگەری دەســتی مــرۆڤ توانــایەکی تــایبەتی داوە بە ئــاخێوەران بەشــێوەیەک، کە بــۆ گەیانــدنی مەبەســتەکانیان چەنــدین دەربــڕینی جیــاواز بەکــاربهێنن، لەم ڕوانــگەیەوە کاتێــک بــابەتە تابويیەکــان ڕێگــری کلتــوری و کــۆت و بەنــدی کــۆمەڵایەتی دەبــنە هــۆی دەرنەبڕینیــان، ئــا لــێرەدا لە زمانەوانیــدا بــابەتی (ئیــوفیمیزم) دێــتە پێشــەوە، بەو پێــیەی دەبێــتە جێگــرەوەی دەربــڕاوە تابويیەکــان. بەم شــێوەیە ((دەبینــین لە پــاڵ خــۆ بە دور گــرتن لە بەکارهێنــانی تابوکانــدا ناســکی و نەرم و نیــانی لەگەڵ نیشــاندانی ڕێــزدا دو فــاکتەری کــۆمەڵایەتین بــۆ بەکارهێنــانی ئیــوفیمیزم))(mohammed,2018,13)، بەم شــێوەیە ئیــوفیمیزم دەبێــتە شــوێنگرەوەیەک بــۆ ناوهێنــان و باســکردنی ئەو شــتانەی، کە تــابون بەشــێوەیەکی شــیاو لەلایەن کۆمەڵگــا و خەڵــکەوە. ئاشــکرایە تــابو لە هەمــو زمانــانی جیهانــدا بەرچــاو دەکەوێــت و تــایبەت نیــیە بە زمــانێکی دیــاریکراوەوە، بەو پێــیەی لە هەمــو زمانێکــدا چەنــد هۆکارێــک دەبــنە هــۆی ئەوەی چەنــدین وشــە و دەربــڕین قەدەغە بکــرێن و ئــاخێوەر خــۆی لە بەکارهێنانیــان بەدور بگرێــت، بێگومــان لە هەمــو کۆمەڵگایەکــدا چەنــدین بــابەت و کــردار هەیە، کە ئاخــاوتن لە بارەیانەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ڕێگە پێنەدراوە و ئەمەش پەیوەستە بە کلتور و کۆمەڵگاکەوە.

لە زمــانی کوردیــدا چەنــدین دەربــڕاوی تابومــان هەیە، کە لەلایەن کۆمەڵگــاوە ناپەســەندە و ئــاخێوەر خــۆی لە بەکارهێنانیــان بە دور دەگرێــت و لە شــوێنی ئەوان چەنــدین وشــە و دەربــڕینی پەســەند بەکاردەهێنێــت، کە پێیانـــــدەوترێت (ئیوفیمیزم/جوانیێژی/جوانـــــدەربڕین)، کەواتە لە زمـــــانی کوردیـــــدا یەکێـــــک لە فـــــاکتەرە ســـەرەکییەکان بــۆ بەکارهێنــانی دەربــڕاوی ئیــوفیمیزم تــابویە، بــۆ ئەوەی ئــاخێوەران لە کــاتی ئاخــاوتن لە ســەر بــابەتی (ســێکس، نەخــۆشی، مــردن، ئــاین، دەرهاویشــتەی لەش....هتــد)، خۆیــان بە دوربگــرن لە تــانە و تەشــەری کۆمەڵگــا. بــۆ نمــونە وشــەی (میزکردن/پیســاییکردن) لە کۆمەڵگــای کوردیــدا هەڵگــری تــابویەکی بەهــێزن و کاتێــک قســەکەر بیەوێــت دەربارەیــان قســە بکــات ئەوە بەشــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ و پەردە پۆشــکراو ئاماژەیــان پێــدەکات، چــونکە ناوهێنانیــان دەبێــتە هــۆی دروســتبونی شــەرم و بێڕێــزی بەرامــبەر بە گــوێگر، لە بەرئەوە لە شــوێنی ئەوان چەنــدین وشــە و دەربــڕینگەلی تــری ئیــوفیمیزم بەکــاردەهێنرێن، بــۆ ئەوەی ئەم شــەرم بێڕێزییە نەمێنێت یاخود کەم ببێتەوە وەک:

- دەست بە ئاو دەگەیەنم.
- دەچم بۆ سەر ئاو.
- تەنگاوم.
- هەست بە گرژی دەکەم.
- دەچم بۆ توالێت.
- دەچم دەستنوێژ هەڵدەگرم.
- دەچم بۆ دەبلیو سی (WC).
- سکم دێشێت.

جــگە لەوەش باســکردنی هەنــدێک دەرهاویشــتەی تــری لەش هەن، کە ئەوانــیش لە ڕوانــگە کــۆمەڵایەتییەکەوە هەڵگــری تــابویەکی بەهــێزن و باســکردنیان بەشــێوەیەکی ئاشــکرا دەبێــتە هــۆی دروســتبونی شــەرم وەک (عــادە بــون)، دیــارە ئەم وشــەیە لەلایەن تاکەکــانی کــۆمەڵەوە وشــەیەکی پەســەند نیــیە، هەر بــۆیە لە شــوێنی ئەم وشــەیە (ســوڕی مانگــانە) بەکاردەهێنرێــت، کە دەربــڕاوێکی ئیــوفیمیزمە وەک لەم ڕســتانەدا ڕوندەبێتەوە:

- دواجار کەی بو کەوتیتە سوڕی مانگانەوە؟
- هەست دەکەم سوڕی مانگانەم تێکچوە.

بە هەمــان شــێوە وشــەی (چڵــم) بە (پیسیــ لــوت) جــێگەی دەگیرێــتەوە، کە دەربــڕاوێکی ئیــوفیمیزمە، یــان وشــەی( تــڕ و فــس) بە وشــەی (بــا لێبــونەوە/ غــازات) شــوێنی دەگیرێــتەوە، کە دیســان ئەمــیش دەربــڕاوێکی ئیوفیمیزمە لەلایەن تاکەکانی کۆمەڵەوە گونجاو و پەسەندترە، وەک لەم خشتەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:

| تابو | ئیوفیمیزم (جوانبێژی) |
|---|---|
| میزکردن | دەست بە ئاو دەگەیەنم / دەچمە توالێت |
| گو(پیسایکردن) | تەنگاوم / هەست بە گرژی دەکەم/ سکم دێشێت |
| عادەبون | سوڕی مانگانە |
| چڵم | پیسی لوت |
| تڕ و فس | با لێبونەوە / غازات |

خشتەی ژمارە (١) ئیوفیمیزم بۆ (دەرهاویشتەی لەش)

جــگە لەمەش چەنــدین دەربــڕاوی تــابوی ترمــان هەن، کە پەیوەســتن بە (مــردن و نەخۆشــییەکان) و ئــاخێوەران خۆیــان لە بەکارهێنــانی بە دور دەگــرن، بــۆ نمــونە وشــەی (سەرەتان/شــێرپەنجە) لە کــۆمەڵگەی کوردیــدا تــابویە، لە شــوێنی ئەوە دەربــڕاوی تــر بەکاردەهێنرێــت وەک (نەخۆشــییە پیســەکە)، یــان (نەخــۆشی درێژخــایەن)، کە دەربــڕاوێکی ئیــوفیمیزمە و گــوێگر کەمــتر هەســت بە ئــازار دەکــات، وەک لەم خشــتەیەی خوارەوە دەردەکەوێت:

| تابو | ئیوفیمیزم (جوانیێژی) |
|---|---|
| مردن | خوا لێی خۆش بێت/ کۆچی دوایی کرد |
| شێرپەنجە/سەرەتان | نەخۆشیە پیسەکە/نەخۆشی درێژ خایەن |
| ئایدز | نەمانی بەرگری لەش |

خشتەی ژمارە (٢) ئیوفیمیزم بۆ (نەخۆشی و مردن)

هەرچی پەیوەستە بە کردە سێکسییەکانەوە زمانی کوردیش، وەکو تەواوی زمانانی تری جیهان بابەتی (سێکسی_) و ناوی ئەندامە سێکسییەکان لە هەمو بابەتەکانی تر زیاتر تابونە، واتە تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی خۆیان لە بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە دور دەگرن، چونکە ئەم دەربڕاوانە لە کلتوری کوردیدا بابەتگەلێکی زۆر هەستیارن و لە کاتی بەکارهێنانیاندا (شەرم و بێزی)یەکی زۆر دروستدەبێت، هەربۆیەشە ئاخێوەران پەنا دەبەنە بەر دەربڕاوە ئیوفیمیزمەکان، کەواتە (ناوهێنان و باسکردنی ئەو بابەتانەی پەیوەندی بە کردە سێکسییەکانەوە، یان هەڵگری ئەو واتایەیە قەدەغە کراون و باسکردن و ناوهێنانیان لەلایەن قسەکەر، کۆمەڵگا بە بێ ئابڕو بێشەرم لە قەڵەمی دەدات.)(عەبدولڕەحمان،٢٠٠٩، ٧٧)، بۆیە ئاخێوەران لە شوێنی ناوی(کردە سێکسییەکان) چەندین وشە و دەربڕینی ئیوفیمیزم بەکاردەهێنن، وەک (جوتبون / پێکەوە خەوتن،هتد)، کە لە شوێنی (گا.....) بەکاردەهێنرێت، کە وشەیەکی تابویە، تەنانەت زۆرجار قسەکەر هەوڵدەدات لەگەڵ دەربڕاوە ئیوفیمیزمەکەدا چەند دەربڕینێکی تر بەکاربهێنێت بۆ زیاتر ڕێزگرتن لە گوێگرەکەی، وەک (بیلا مانێ، حاشا حازری، دور لە ڕوی ئێوە، عەیب نەبێت، پەرژینێکی قایم بێت،هتد) بۆ نمونە:

- عەیب نەبێت بەیەکەوە خەوتن.
- دور لە ڕوی ئێوە لەسەر یەک جێگە خەوتن.
- پەرژینێکی قایم بێت بەیەکەوە جوتبون.

هەروەها ناوهێنانی ئەندامە سێکسییەکانی (ژن و پیاو) بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکەوە دیسان (تابو)یە و لە سەر ئاخێوەر پێویستە لە کاتی بەکارهێنانیاندا پەنا بباتە بەر دەربڕاوە ئیوفیمیزمەکان، هەرچەندە ئەوانیش وەکو تەواوی ئەندامەکانی تری لەش ئەرکی خۆیانیان هەیە، بەڵام لەبەر هۆکاری ئایینی و کلتوریی کۆمەڵگا ڕێگا نادات ناوەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەکاربهێنرێت، بەڵکو چەندین وشە و دەربڕینی ئیوفیمیزم لە شوێنی ئەوان بەکاردەهێنرێت، هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ((سێکس لە ئاییندا گوشارێکی زۆری لە سەرە و سنورێکی بەرتەسکی هەیە و لە ناو کۆمەڵیشدا بەشێوەیەکی زۆر فراوان ڕەنگی داوەتەوە، تەنانەت ناو هێنان و باسکردنی هەرچی پەیوەندی بە سێکسەوە هەیە، هەر لە کرداری سێکس و ئەندامەکانی زاوزێ، تەنانەت دەربڕینی هەندێک کردار و زاراوە و جل و بەرگی تایبەتیش بە نەشیاو و ناپەسەند دانراوە و پێویستە ئاخێوەر ناڕاستەوخۆ ناویان بهێنێت.))( شەمس،٢٠٠٦، ١٢٨)، هەر بۆیە پەنا دەبرێتە بەر دەربڕاوە ئیوفیمیزمەکانی وەک ( ئەندامی زاوزێی نێرینە، ئەندامی زاوزێی مێینە، زەکەر،هتد) وەک لەم ڕستەیەدا دەردەکەوێت:

- ئەگەر هەست بە کێشەیەک دەکەیت لە ئەندامی نێرینەت، پێویستە سەردانی پزیشکێکی پسپۆر بکەیت.

ئەگەر لەم ڕستەیەی سەرەوە ورد ببینەوە دەبینین ئەم دەربڕینە و چەندین دەربڕینی تر ڕۆژانە لەلایەن ئاخێوەرانەوە بەکاردەهێنرێن، بە مەبەستی دورکەوتنەوە لە دەربڕاوە تابوییەکان. هەروەها ناوی هەندێک جل و بەرگ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بابەتێکی تابویە و ناپەسەندە بەکاربهێنریت، بەڵکو لە شوێنی ئەوان هەندێک وشە و ناوی تر بەکاردەهێنرێن، بە تایبەت ئەو جل و بەرگانەی دەلالەت لە (جل و بەرگی ژێرەوە) دەکەن، وەکو (سوخمە، دەرپێ، هتد) لە شوێنی ئەوان هەندێک وشە و ناوی ئیوفیمیزم بەکاردەهێنرێن وەکو(شۆرت، ستیان، لیباس،هتد)، چونکە ناوهێنانی ئەم جل و بەرگانە دەبێتە هۆی دروستکردنی شەرم هەم بۆ قسەکەر و هەم بۆ گوێگر.

هەر لە چوارچێوەی بابەتی سێکسیدا، هەندێک وشە و دەربڕین هەن تابونە و قسەکەر خۆی لە بەکارهێنانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە دور دەگرێت و هەندێک وشەی تر لە شوێنیان بەکاردەهێنێت بۆ نمونە وشەی (قەحپە) لە ڕوانگە کۆمەڵایەتییەکەوە وشەیەکی تابویە و دەبێتە هۆی دروستبونی شەرم لە لای گوێگر، لەبەر ئەوە چەندین وشە و دەربڕینی تر لە شوێنی بەکاردەهێنرێت وەکو( لەشفرۆش، بێڕەوشت، داوێنپیس، هتد)، کە دەربڕاوێکی ئیوفیمیزمن وەک لەم ڕستانەدا دەردەکەوێت:

- ئەو ئافرەتێکی داوێنپیسە.
- ئەو ئافرەتێکی لەشفرۆشە.
- ئەو ئافرەتێکی بێڕەوشتە.

ئەم خشتەیەی خوارەوە زیاتر بابەتە تابۆ و دەربڕاوە ئیوفیمیزمەکان ڕوندەکاتەوە:

| تابو | ئیوفیمیزم (جوانبێژی) |
|---|---|
| تۆو | ئاو / سپێرم |
| مەمک | سنگ |
| دەستپەڕ | دەستبازی |
| گ...... | جوتبون/ پێکەوە خەوتن/سەرجێیکردن |
| قەحپە | لەشفرۆش/بێڕەوشت/ داوێنپیس |
| سوخمە | ستیان |
| دەرپێ | شۆرت |

خشتەی ژمارە (٣) ئیوفیمیزم بۆ (کرداره سێکسییەکان)

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕون دەبێتەوە، کە دەربڕاوە ئیوفیمیزمەکان چەکێکی کاریگەری دەستی ئاخێوەری زمانی کوردیین، کە بەردەوام لە کاتی ناچار بونی دەربڕاوە تابوییەکاندا پەنایان بۆ دەبات، کە ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگ لە بەردەوامبونی پرۆسەی گفتوگۆکردن دەبینێت، بەو پێیەی ئەگەر قسەکەر گوێ بە گوێگرەکەی نەدات

و بە بێ پەردە و ڕاستەوخۆ دەربڕاوە تابوییەکان بەکاربهێنێت، ڕێگە خۆشکەر دەبێت لە نەمانی پرۆسەی پەیوەندیکردن، کەواتە دەتوانین بڵێین یەکێک لە خاڵە جەوهەرییەکانی بەکارهێنانی ئیوفیمیزمەکان لە زمانی کوردیدا بۆ دور کەوتنەوەیە لە بابەتە تابوییەکان.

### ٢-٤/٢) هۆکاری ئاینی

یەکێکی تر لەو هۆکارانەی، کە دەبێتە هۆی ئەوەی چەندین وشە و دەربڕینی ئیوفیمیزم لە زماندا بێنە ئاراوە بریتییە لە ئاین، لەبەرئەوەی مرۆڤەکان پەیوەندییەکی پتەویان بە بیرو باوەڕە ئاینییەکانەوە هەیە و ڕێزگرتن و بەرز ڕاگرتنی ئەو یاسایانەی لە هەر ئاینێکدا دیاریکراون وەکو ئەرکێکی گرنگ و پیرۆز سەیر دەکرێن، هەر لەبەر ئەم هۆکارەشە ڕێزنەگرتن و دەرچون لەو یاسا و بیرو باوەڕە ئاینییانە ترسێکی گەورە لای مرۆڤ دروستدەکەن. ((لەناو هەمو میللەتێکدا بەها و ڕێسا ئاینییەکان وەک پێکهاتەیەکی کلتوری میللەتەکە پێگەیەکی بەرچاوی لە ناخی تاکەکانی ئەو میللەتەدا هەیە. لەم ڕوانگەیەوە کارکردن بە پێچەوانەی ئەم بەها ئاینییانەوە تاک دەخاتە ژێر پرسیارەوە و وتەکانی بە گومان و ناچیزییەوە لەلایەن کۆمەڵەوە لێوەردەگیرێت.))(فەرەج،٢٠١١، ٧٣)

لە هەمو زمانانی جیهاندا هەندێک وشە و دەربڕین هەن زۆر پیرۆزن و ناکرێت هەروا بە سادەیی بوترێن، بەڵکو پێویستە بەشێوەیەک بوترێن، کە گوێگر هەست بەوە بکات ئاخێوەر بە مەبەستی ڕێزگرتن گۆڕین لە شێوازی ئاخاوتنەکەیدا دەکات، بۆ نمونە ناوی (خودا) لە زۆربەی هەرە زۆری زمان و کلتورەکانی جیهاندا بەشێوەیەکی سادە ناوترێت، واتە وشەی (خودا) بە تەنیا وتنی وشەیەکی (تابو)یە و پێویستە لە سەر ئاخێوەر وشەی تری لەگەڵ بەکاربهێنێت، هەروەها ناوی (پێغەمبەران) لە کاتی بەکارهێناندا ئاخێوەر هەوڵدەدات وشە و دەربڕینی تری لەگەڵ بەکاربهێنێت بەمەبەستی ڕێزگرتن و بەرز ڕاگرتنی، بۆ نمونە ناوی پێغەمبەری ئیسلام (محەمەد) لە کاتی بەکارهێناندا هەندێک وشە و دەربڕینی تری لەگەڵ بەکاردەهێنرێت، ئەگەر بێت و بە تەنیا بەکاربهێنرێت ئەوا تابویە و لای هەمو موسڵمانێک بە کارێکی ناپەسەند دادەنرێت.

زمانی کوردیش وەکو تەواوی زمانانی جیهان پابەندە بە دەستور و یاسا و ڕێسا ئاینییەکانەوە، بەوپێیەی بەشی هەرە زۆری دانیشتوانی کوردستان پەیڕەوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکەن، واتە باوەڕیان بە (خوای گەورە و پێغەمبەران) هەیە، هەر لەبەر ئەمەشە لە کاتی بەکارهێنانیاندا وشە و دەربڕاوی ئیوفیمیزمی لەگەڵ بەکاردەهێنن وەك:

- <u>خودای گەورە</u> لە هەمو موسڵمانان خۆشبێت.
- <u>خودای دلۆڤان</u> بە کردەوەی خۆمانمان لەگەڵ نەکەیت.
- <u>خودای مەزن</u> سوپاسگوزاری هەمو نیعمەتەکانتین.

ئەگەر سەیری هەریەک لەم ڕستانەی سەرەوە بکەین دەبینین قسەکەر ناوی (خودا)ی بە تەنیا و سادەیی بەکارنەهێناوە، بەڵکو کەرەستەی تری زمانی وەکو ئیوفیمیزمی لەگەڵ بەکارهێناوە، وەک وشەی (گەورە، دلۆڤان، مەزن)ی لەگەڵ ناوی (خودا)دا بەکارهێناوە، کە بەمەبەستی جوانیێژییە، لە

زمــان و کلتــوری کوردیــدا ئــاخێوەران ڕۆژانە چەنــدین جــار ئەو وشــە و دەربڕینــانە بەکــاردەهێنن، هەربــۆیە هەوڵــدەدەن بەشــێوەیەکی جــوان بەکــاریبهێنن وەکــو ڕێزگرتنێــک لە توانــا و دەســەڵاتی خــودای گەورە. بێگومــان (خــودای گەورە) چەنــدین نــاوی تــری هەیە و ئــاخێوەر هەوڵــدەدات لەکــاتی ناوهێنــانی خــوادا ئەو ناوانەش بەکاربهێنێت، کە هەمو ئەو ناوانەش لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەیان پێکراوە.وەک:

- ڕەحمان
- ڕەحیم
- ڕەزاق
- قودوس
- مالیک

هەروەهــا ناوهێنــانی پێغەمــبەری ئیســلام (مــحەمەد) درودی خــوای لەســەر بێــت نــاوێکی پــیرۆزە لە کۆمەڵگــای کوردیــدا، بەو پێیــەی بەشــێکی هەرە زۆری کۆمەڵگــای کــوردی موســڵمانن و پەیــڕەوی ئــاینی پــیرۆزی ئیســلام دەکەن، هەر بــۆیە لەکــاتی ناوهێنانیــدا ئــاخێوەر هەنــدێک وشــە و دەربــڕینی تــری ئیــوفیمیزمی لەگەڵ بەکاردەهێنێــت، کە ئەمەش گوزارشــتە لە ڕێزگــرتن و پــیرۆزی و گەورەیی پێغەمــبەر(محەمەد)، واتە ناوهێنــانی بە تەنیا و سادەیی تابۆیە و لەسەر ئاخێوەر پێویستە بە ئاگاییەوە ناویبهێنێت. بۆ نمونە:

- محەمەد سەلامی خودای لەسەر بێت لە تەمەنی چل ساڵیدا بو بە پێغەمبەر.
- خۆشەویستی خودا لە ڕۆژی دواییدا شەفاعەت بۆ ئومەتەکەی دەکات.
- پێغەمبەری ئازیز ئامۆژگاری مرۆڤەکان دەکات بۆکاری چاکە.
- خۆشەویستمان دەفەرموێت ئاگاداری نوێژەکانتان بن.
- فەخری عالەم ئامۆژگایمان دەکات، کە لەگەڵ دایک و باوکماندا بەبەزەیی بین.

ئەگەر ســەیری هەریەکە لەم ڕســتانەی ســەرەوە بکەیــن دەبینــین، کە ئــاخێوەر چەنــدین وشــە و دەربــڕینی لەگەڵ نــاوی (مــحەمەد)، یــاخود لە شــوێنی (مــحەمەد) بەکارهێنــاوە وەکــو جــوانیێژی و هەروەهــا بــۆ مەبەســتی ڕێزگــرتن لە بەهــا و گەورەیی پێغەمــبەری ئیســلام (مــحەمەد) درودی خــوای لەســەر بێــت وەک (مــحەمەد سەلامی خودای لەسەر بێت، خۆشەویستی خودا، پێغەمبەری ئازیز، خۆشەویستمان، فەخری عالەم).

کەواتە دەتــوانین بڵــێن یەکــێکی تــر لە هۆکــارە گرنــگ و کاریگەرەکــانی بەکارهێنــانی ئیوفیمیزمەکــان لە زمــانی کوردیدا هۆکاری ئاینییە و ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی لە دروستبونی ئیوفیمیزمەکان لە زماندا هەیە.

### ٣-٤/٢) هۆکاری سیاسی

سیاســەت یەکــێکی تــرە لەو بابەتــانەی، کە پانتــاییەکی گەورە داگــیر دەکــات لە بەکارهێنــانی وشــە و دەربــڕینی ئیــوفیمیزم و یەکــێکە لەو بــوارانەی، کە دەبێــتە هــۆی دروســتبونی وشــە و دەربــڕینی جــوان و پەســەند. ئەو کەســانەی لە بــواری سیاســەتدا کــاردەکەن، کە پێیانــدەوترێت (سیاســەتمەدار) لە ئاخاوتنەکانیانــدا ئەو وشــە و دەربــڕاوانە بەکــاردەهێنن، کە دەبــنە هــۆی سەرنجڕاکێشــانی خەڵــکی و هەوڵــدەدەن ســود لەو وشــە جــوان و

پەســـەندانە وەربگـــرن بە ئامـــانجی ڕازیکـــردنی گوێگرەکانیـــان، واتە ئیوفیمیزمەکـــان بەشـــێوەیەکی بەرفـــراوان لەلایەن سیاســـەتمەدارانەوە بە مەبەســـتی گەیشـــتن بە ڕاســـتگۆیی ســـیاسی یـــان لەبـــری ئەوەی ڕاســـتییە ناخۆشـــەکان بڵێـــنەوە بەکـــاردەهێنرێن. لە کلتـــوریی ســـیاسی مۆدێرنـــدا گـــۆڕینی تێڕوانیـــنی گشـــتی بـــۆ ڕاســـتییە نارەحەتەکـــان ئاســـانە و ئیـــوفیمیزمە سیاســـییەکان فۆرمـــاڵیتر و جێگیرتـــرن لەو ئیوفیمیزمـــانەی، کە لە بوارەکـــانی دیـــکەدا بەکـــاردەهێنرێن. کەواتە دەتـــوانین بڵێـــین ئیـــوفیمیزمی ســـیاسی ئامـــاژەیە بـــۆ بەکارهێنـــانی وشـــە و دەســـتەواژەی نەرمکـــراو لە بـــواری سیاســـەت و دیپلۆماســـیەتدا بـــۆ ڕازیکـــردنی هاوڵاتیـــان و دەنگـــدەران و دورکەوتـــنەوە لە دروســـتبونی نـــارەزایەتی و بەرهەڵســـتی. ئەم جـــۆرە ئیـــوفیمیزمە ڕۆڵـــێکی گرنـــگ دەگێڕێـــت لە وتـــاری ســـیاسی و میدیایـــدا. (Akhtar,2020,11)، هەر بـــۆیە سیاســـەتمەداران و بەرپرســـان بەردەوام پەنـــا دەبەنە بەر ئیـــوفیمیزم بـــۆ باســـکردنی بـــابەتە هەســـتیارەکان. بـــۆ نمـــونە، کاتێـــک بـــاس لە (جەنـــگ) یـــاخود (هـــێرش) دەکەن ســـود لە وشـــەی (کـــردەی ســـەربازی) دەبیـــنن، یـــان لە شـــوێنی (کەمکـــردنەوەی مـــوچەی خانەنشینی)ســـود لە دەربڕاوی (سیستەمی خانەنشینی) دەبینن.

سیاســـەتمەداران وتارەکانیـــان بەپـــێی ئـــارەزوی ئایـــدیۆلۆژی و کلتـــوریی بینەرەکانیـــان بنیاتـــدەنێن و هەوڵـــدەدەن ئەو کـــار و کـــردەوە نائاســـایی و ناخۆشـــانە بەشـــێوەیەکی ناڕاســـتەوخۆ و پەردەپۆشـــکراو دەربـــبڕن، واتە سیاســـەتمەداران زۆر لێهـــاتون لە ســـود وەرگـــرتن لە سروشـــتی نـــاڕونی ئیوفیمیزمەکـــان بـــۆ پەردەپۆشـــکردنی ڕاســـتییەکان یـــان هەنـــدێک کـــردەوەی تاوانکـــاری یـــاخود بـــۆ ئەوەی سیاســـەت و ئـــابوری وڵات جێگیرتـــر دەربکەوێـــت، بەڵام کـــۆمەڵەی زمانناســـان ((پێیـــانوایە بەکارهێنـــانی ئیـــوفیمیزم لە زانســـتی سیاســـیدا ئامـــانجی فریـــودانی مرۆڤەکـــانی هەیە.)) (Lutz,1987,73) بـــۆ نمـــونە دەربـــڕینێکی وەک (بەرزکـــردنەوەی بـــاج) لە سیاســـەتی ئەمـــڕۆدا زۆرجـــار بە ئیوفیمیزمەکـــانی وەک (زیـــادکردنی داهـــات) یـــان (باجـــدانی پێشـــکەوتنخوازانە) جـــێگەی دەگیرێتەوە، یاخود زۆرجار (چەکی ئەتۆمی) بە (چەکی تایبەت) دەگۆڕدرێت.

لە ڕاســـتیدا زمـــان و سیاســـەت هێنـــدە بەیەکەوە گرێـــدراون، کە چـــالاکیی سیاســـیش ناوبەنـــاو وەک جۆرێـــک لە چـــالاکیی زمـــانی مـــامەڵەی لەگەڵـــدا دەکرێـــت، بە بـــڕوای (پۆسکاچینا)((ڕێکخســـتن و گواســـتنەوەی زانیـــاری لە گوتـــاری سیاســـیدا ڕاســـتەوخۆ پەیوەنـــدی بە هەڵـــبژاردنی یەکەیەکی زمـــانەوانیی پێویســـت یـــاخود چەنـــد یەکەیەک لە ڕیـــزێکی هاواتـــا هەیە، کە ڕەنـــگە کـــاریگەریی لەســـەر تەواوی مانـــای گوتـــارەکە هەبێـــت.)) (narmina,2015,154)،هەروەهـــا سیاســـەت ((گرێـــدراوی بەرژەوەنـــدی تـــایبەتە و لەســـەر ئەو بنەمـــایە جێبەجێـــدەکرێت و پەیوەســـت نیـــیە بە بەدەســـتهێنانی مـــاف و ڕێزگـــرتنەوە، هەروەهـــا سیاســـەت زمـــان وەکـــو چەکێـــک بەکاردەهێنێـــت بـــۆ دەربـــڕینی وشـــە ناپەســـەندەکان بە وشـــە و دەربـــڕاوی جـــوان.)) (kanaza,2020,105). بەم پێیـــە دەتـــوانین بڵێـــین ئیـــوفیمیزم لە زمـــانی سیاســـیدا بەشـــێوەیەکی بەرچـــاو بەربـــڵاوە و بەکاردەهێنرێت بۆ نمونە:

- وەزارەتی بەرگری ← وەزارەتی شەڕ
- پاڵپشتی ئاسمانی ← بۆمبارانکردن
- سەنتەری چاکسازی ← زیندان

لە بــواری سیاســیدا ئیــوفیمیزم ڕۆڵی ڕازیکــردن دەبینێــت و ئــاخێوەر (سیاســەتمەدار) دەتوانێــت لەڕێــگەی ئەمەوە ئەنجــامێکی کــاریگەر بەدەســت بهێنێــت، هەربۆیەشــە لە ئاخاوتنەکانیانــدا پەنــا دەبەنە بەر وشــە و دەســتەواژەی ئیــوفیمیزم و لەم ڕێــگەیەوە هەســت و ســۆزی گوێگرەکانیــان بەدەســتدەهێنن، بەم پێــیەش دەتــوانین بڵێــین (ئیــوفیمیزم دەتوانێــت ببێــتە هــۆی گــۆڕینی چوارچێــوەی پەیــام لە چوارچێــوەیەکی نەرێــنی و هەستیارەوە بۆ چوارچێوەیەکی ئەرێنیتر و قبوڵکراوتر. (nisa,2019,13).

لە زمــانی سیاســیدا ئەوەی جــێگەی ســەرنجە ئەوەیە، کە زۆربەی ئەو ئیوفیمیزمــانەی لە بــواری سیاســیدا بەکاردەهێنرێن بە ئیوفیمیزمی شاراوە ئەژمار دەکرێن. بۆ نمونە :

- وڵاتانی دواکەوتو ⟵ وڵاتانی تازە پێگەیشتو
- داگیرکردن ⟵ ئازادکردن
- بارودۆخی نائاسایی ⟵ قەیران
- ئاڵەنگاری ⟵ کێشە

لە زمــانی کوردیشــدا ڕۆژانە لە دەزگاکــانی ڕاگەیاندنــدا ژمــارەیەکی زۆر لە وشــە و دەربــڕاوی ئیوفیمیزممــان بەر گوێ دەکەوێت، کە لە بواری سیاسەتدا بەکاردەهێنرێن بۆ نمونە:

- لە ساڵی (٢٠٠٣) دا عێراق ئازاد کرا.
- لە هەرێمی کوردستاندا دیاردەی گەندەڵی بەردەوامە.
- بە هۆی بەهەدەردانی سامانی گشتییەوە لە کارەکەی دور خرایەوە.

ئەگەر لەم ڕســتانەی ســەرەوە ورد ببیــنەوە دەبینــین، کە ئــاخێوەر هەوڵــدەدات بەشــێوەیەکی ناڕاســتەوخۆ ئامــاژە بە هەنــدێک بــابەت بکــات بەشــێوەیەکی پەردەپۆشــکراو و شــاراوە، وەک لە ڕســتەی یەکەمــدا وشــەی (ئــازاد کــرا) وەکــو وشــەیەکی ئیــوفیمیزم لە جــێگەی وشــەی (داگیرکــردن) بەکــارهێنراوە، بەو پێــیەی لە مــێژودا باسـکراوە هەرکاتێـک لەشـکری دەوڵەتێـک بە زۆری بچێـتە نـاو خـاکی وڵاتـێکی تـر و دەسـەڵات بگـرێتە دەسـت بە (داگیرکــردن) ناوزەنــد دەکرێــت، بەڵام لەبەرئەوەی داگیرکــردنی عــێراق لەلایەن هــێزە هاوپەیمانەکــانەوە بــوە هــۆی ئــازادبونی خەڵــکی کوردســتان و عــێراق لە دیکتاتۆرێــک، بــۆیە بە ئــازادکردن نــاونرا، واتە پرۆســەکە بە (پرۆســەی ئــازادیی عــێراق) نــاوزەد کــرا. لە ڕســتەی دوەمــدا وشــەی (گەنــدەڵی) وەکــو وشــەیەکی ئیــوفیمیزم لە جــێگەی (دزیکــردن) بەکــارهێنراوە، هەرچەنــدە وشــەی گەنــدەڵی واتــایەکی بەرفــراوانی لە بەکارهێنانــدا هەیە، بەڵام بەشــێوەیەکی گشــتی ئەم وشــەیە لە جــێگەی وشــەی (دزیکــردن) بەکاردەهێنرێــت، بەوپێــیەی وشــەی (دزیکــردن) وشــەیەکی تــابوییە و ئــاخێوەر خــۆی لە بەکارهێنــانی بەدور دەگرێــت، چــونکە کــاریگەرییەکی نەرێــنی لای گــوێگر دروســتدەکات. هەروەهــا لە ڕســتەی سێیەمیشــدا دەســتەواژەی (بەهەدەردانی ســامانی گشــتی) لە جــێگەی (دزیکــردن) و دەربــڕاوی (لە کــارەکەی دور خــرایەوە) لە جــێگەی (فەصــڵکردن) بەکــارهێنراوە. کەواتە دەتــوانین بڵێــین بــواری سیاســیش یەکــێکی تــرە لەو بابەتــانەی، کە ڕۆڵــێکی بــاڵا لە دروســتبونی ئیوفیمیزمەکــان لە زماندا دەگێڕێت.

### ٤-٤/٢) هۆكاری بازرگانی

بازرگـانی یەكـێكی تـرە لەو بـابەت و بـوارانەی، کە بەشـێوەیەكی بەرفـراوان وشــە و دەســتەواژەی ئیــوفیمیزم تێیـدا بەكاردەهێنرێـت و یەكـێكە لەو بـوارانەی، کە زمـانێكی جـوان و وشـەی ڕازیـكەر لەخـۆ دەگرێـت، واتە بـۆ ئەوەی كەسـێك بتوانێـت لەم بـوارەدا سـەركەوتو بێـت پێویسـتە وشــە و دەســتەواژەی جــوان و پەســەند بەكاربهێنێـت و خـۆی بە دور بگرێـت لە وشـە و دەسـتەواژەی ڕەق و زبـر لە پێنـاو سەرنجڕاكێشـانی خەڵـك و ڕازیكردنیــان. بە واتــایەكی تــر ئیــوفیمیزمی بازرگــانی ئامــاژەیە بــۆ بەكارهێنــانی وشــە و دەســتەواژەی ڕازاوە و ســەرنجڕاكێش لە بــواری بازرگــانی و بازاڕگەرییــدا (Marketing) بــۆ ڕازیكــردنی بەكــاربەر و زیــادكردنی فرۆشــتن. ئەم جـــۆرە ئیـــوفیمیزمە ڕۆڵـــێكی گرنـــگ دەگێڕێـــت لە دروســـتكردنی وێـــنەیەكی ئەرێـــنی بـــۆ بەرهەم و خزمەتگوزارییەكان.(Leech, 1985,465)

بازرگـانێكی سـەركەوتو دەتوانێـت لە كـاتی قسـەكردندا وا لە كڕیارەكـانی بكـات هەسـت بە ئاسـودەیی بـكەن. بـۆ ئەمەش پێویســتی بە بەكارهێنــانی هەمــو جــۆرە كـارامەییەكی زمــان هەیە، بە تــایبەت بەكارهێنــانی ئیــوفیمیزم وەک كـــارامەییەكی زمـــانی بەســـود، كە ئەمەش دواجـــار دەبێـــتە هـــۆی بەدەســـتهێنانی متمـــانە لەلایەن كڕیارەكـانەوە. (لانــدەرز و بــیكن (2018) لە توێژینەوەیەكیانــدا ئەوەیــان دۆزیــیەوە، کە بەكارهێنــانی ئیــوفیمیزم لە بــواری بازرگانییــدا بــۆ بەرهەمەكـانی (كەمكــردنەوەی كــێش) بەراورد بە بەكارهێنـانی دەسـتەواژەی ڕاسـتەوخۆ كــاریگەریی زیــاتری هەبــوە لەســەر ڕازیكــردنی گــوێگر و زیــادكردنی ویســتی كــڕین. بــۆ نمــونە، دەســتەواژەی (چارەســەری ڕێكخســتنی كــێش) زیــاتر ببــوە هــۆی ڕازیبــونی بەكــاربەران بەراورد بە دەســتەواژەی (دەرمــانی كەمكردنەوەی قەڵەی).

زۆرجـار وشـە و دەربـڕاوی ئیـوفیمیزم لە بـواری بازرگانیـدا بـۆ مەبەسـتی فێـڵ كـردن و درۆ بەكـاردەهێنرێن. كەواتە چــۆنیەتیی دانوســتاندنێكی كــاریگەر بــۆ گەیشــتن بە ئامانجەكــانی دانوســـتان ڕۆڵـــێكی گرنـــگ لە چـــالاكییە بازرگانییەكانـــدا دەگێڕێـــت. كە ئەمەش پێویســـتی بە بەكارهێنـــانی ســـتراتیژییەتێكی گـــرنگی ئیـــوفیمیزم هەیە، بـــۆ نمـونە زۆرێـك لە دوكانـدارەكان ئەوانەی شـت دەفرۆشـن چەنـدین وشـە و دەربـڕاوی ئیـوفیمیزم بەكـاردەهێنن لە پێناو ڕازیكردنی كڕیارەكانیاندا وەک:

آ- ببورە دەبێت چاكەتێكی جوان بۆ من هەبێت؟

ب – بەڵێ برا پێدەچێت ئەمە بۆ تۆ باش بێت، چونكە تۆ كەمێک بەخۆوەی (بە هەیكەلی).

ئەگەر لەم گفتوگـۆیەی سـەرەوە وردببیـنەوە دەبینـین وشـەی (بەخـۆوەی – بە هەیـكەلی) لە جـێگەی وشـەی (قەڵەوی) بەكارهـاتوە، كە وشـەیەكی ئیـوفیمیزمە و ئـاخێوەر بـۆ ئەوەی بەرامـبەرەكەی ڕازیبكـات بەكاریهێنـاوە. جـێگەی ئامـاژە بـۆ كـردنە، كە هەنـدێک هێمـای جیهـانی لەسـەر جـل و بەرگەكـان هەن و ئامـاژەنە بـۆ قەڵەوی و لاوازی و دەستنیشـانكردنی قەبـارەی لەشی مـرۆڤ، كە لە دونیـای بازرگـانی ئەمـڕۆدا وەكـو وشـەی ئیـوفیمیزم بەكاردەهێنرێن، كە ئەمانەن:

- S سمۆڵ

- M میدیەم
- L لارج
- XL ئێکس لارج
- XXL ئێکس ئێکس لارج

بۆ نمونە:

- بێزەحمەت کام قیاسی بۆ من باشە ؟
- خاتون گیان قیاسی سمۆڵ بۆ تۆ زۆر باشە.
- برا گیان بۆ تۆ قیاسی ئێکس لارج باشە.

کەواتە دەتوانین بڵێین بوارە بازرگانییەکان یەکێکی ترن لەو هۆکارانەی، کە دەبنە هۆی دروستبون و پەیدابونی وشە و دەستەواژە ئیوفیمیزمەکان لە زمانی کوردیدا.

**ئەنجام**

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١- یەکێک لە گرنگترین دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەوەی، کە ئیوفیمیزم لە زمانی کوردیدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە پاراستنی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و بەهاکانی کۆمەڵگا. شیکردنەوەی نمونەکان ئەوەیان دەرخستوە، کە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی ئیوفیمیزم بەشێوەیەکی سیستەماتیک پەیوەستە بە هەوڵدان بۆ پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، ڕێزگرتن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پاراستنی ئەو سنورانەی نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان دیاریان کردون.

٢- پەیوەست بە بواری تابۆوە لە زمانی کوردیدا دەربڕاوە ئیوفیمیزمەکان چەکێکی کاریگەری دەستی ئاخێوەری زمانی کوردین، کە بەردەوام لە کاتی ناچار بونی دەربڕاوە تابوییەکاندا پەنایان بۆ دەبرێت، بەواتایەکی تر لە هەندێک بواری کۆمەڵایەتیدا دەربڕاوە سێکسییەکان بە پێواژۆی ئیوفیمیزمدا دەڕۆن.

٣- لە بواری گوتاری سیاسیدا، توێژینەوەکە دەریخستوە، کە ئیوفیمیزم ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لە دارشتنی پەیامەکان و کاریگەری دانان لەسەر جەماوەر، هەربۆیە سیاسەتمەداران بەردەوام پەنا دەبەنە بەر ئیوفیمیزم بۆ شاردنەوەی ڕاستییە نەخوازراوەکان و نەرمکردنی هەواڵە ناخۆشەکان و دروستکردنی وێنەیەکی ئەرێنی لە سیاسەتەکانیان.

٤- دەرەنجامێکی گرنگی تری ئەم توێژینەوەیە پەیوەستە بە ڕۆڵی میدیا لە گۆڕانی بەکارهێنانی ئیوفیمیزم بە تایبەت لە بواری سیاسی و بازرگانیدا. میدیای کوردی (تەلەفزیۆن، ڕادیۆ، ڕۆژنامە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) ڕۆڵێکی سەرەکییان گێڕاوە لە داهێنانی ئیوفیمیزمی نوێ.

٥- بــواری ئــاین یەکــێکی تــرە لەو فــاکتەرانەی، کە ڕۆڵــێکی گرنــگ دەگێڕێــت لە دروســتبون و بەکارهێنــانی ئیــوفیمیزم لە زمــانی کوردیــدا، تــوێژینەوەکە پەیوەنــدییەکی بەهــێزی نێــوان بەکارهێنــانی ئیــوفیمیزم و بــاوەڕە ئاینییەکـان لە کۆمەڵگـای کوردیـدا نیشـاندەدات بەو پێـیەی بەشـێکی زۆری ئـاخێوەران پەیـڕەوی ئـاینی پـیرۆزی ئیسلام دەکەن.

## سەرچاوەکان:


ئەمین، نژیار ئدریس (٢٠١٢)، تابۆ د زمانێ کوردیدا (گۆڤەرا بەهدینی وەک نمونە)، نامەی ماستەر، کولیژا ئادابێ، زانکۆیا دهۆکێ.

شــەمس، هــێمن عەبدوحەمیــد(٢٠٠٦)، شــێواز و دەربــڕین لە بــۆنە کۆمەڵایەتییەکانــدا، نــامەی ماســتەر، کــۆلێجی پەروەردە، زانکۆی کۆیە.

عەبدورەحمان، شیلان عوسمان(٢٠٠٩)، کارابونی زمان لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکاندا،نامەی ماستەر،زانکۆی صەڵاحەدین.

فەرەج، شاخەوان جەلال (٢٠١١)، تابۆ وەک نمونەیەکی پەیوەندی زمان و کلتور، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

Akhtar, S. (2020). Code-switching and identity: A sociolinguistic study of Hanif's novel Our Lady of Alice Bhatti. International Journal of English Linguistics. 10(1). DOI:10.5539/ijel. v10n1p364.

Al-Khasawneh, F. (2018). An intercultural study of euphemistic strategies used in Saudi Arabic and American English 2018. Jurnal UPI. doi: 10.17509/ijal. v8i1.11466

Allan, K. & Burridge, K. (2006) Forbidden words: Taboo and the censoring of language. Cambridge: Cambridge University Press.

Baydak, A. Scharioth, C., Il'yashenko, I. A. (2015). Interaction of language and culture in the process of international education. Procedia: Social and Behavrioral Sciences, 215, pp. 14-18. doi: 10.1016/j.sbspro.2015.11.567.

Boltayevna, J. S. (2020). Language and culture: problems of interaction. the relationship between language and culture. International Journal on Integrated Education, *3*(12), pp. 141-142. https://media.neliti.com/media/publications/334384-language-and-culture-problems-of-interac-e657433e.pdf

Brown, P., & Levinson, S. C. (1978). Politeness: Some universals in language usage (2d ed.). Cambridge, U.K.: Cambridge University Press.

Chaman Lal Banga, (2015), Role of Language in Human Life, International Journal of English Language, Literature and Humanities, Volume III, Issue VII.

Chen, Z. & Berger, J. (2013) 'When, why, and how controversy causes conversation', Journal of Consumer Research, 40(3), pp. 580-593.

Erkoci, L. and Bushgjjikaj, A. (2019). The power of language. Presented at Conference: CFP: The power of language. Research Gate.

Fromkin, V., Rodman, R. and Hyams, N., (2014). An introduction to language (10. b.). Boston: Cengage Learning.

Jdetawy, L.F., (2019). A sociolinguistic view of euphemism in Arabic and English: a comparative analysis. International Journal of Development Research, *9*(10), pp.30833-30846
Kanaza, F. U. (2020). Language function: the analysis of connotative functions in Meghan Markle’s Speech. ETNOLINGUAL, 4(1).
Leech, G.N., (2014). The pragmatics of politeness. Oxford University Press.
Lutz, W.D., (1987). Language, appearance, and reality: Doublespeak in 1984. ETC: A Review of General Semantics, pp.382-391.

Mohammed, F. O., and Majeed, S. H. (2018). A content analysis of euphemistic strategies in the Evro daily newspaper. Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ), 6(2).

Narmina Fataliyeva Arif,(2015) ,Social and Cognitive Implications of Using Euphemisms in English, International Journal of English Linguistics, Vol. 5, No. 6, 2015.

Nisa, S. U. (2019). Sociolinguistics. In M. A. English Course II, Introduction to Linguistics. Publisher: School of Distance Education, The English and Foreign Languages University.
Rawson, A., (2001). A critical linguistic analysis of a popular comic genre in Japan
Trudgill, P., (2011). Sociolinguistic typology: Social determinants of linguistic complexity. Oxford University Press.